# ڕەخنەی تەواوکاری (فرە میتۆدی) لە ڕەخنەی شیعری کوردیدا نامەی ماستەری (زمانی شیعری و ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ) بە نموونە

ID No. 220

(PP 82 - 106)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.5.6

ڕێبین خلیل قادر سەردار احمد حسن گەردی

کۆلێژی پەروەردە/بەشی زمانی کوردی/ زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر

rebeen.qader@su.edu.krd sardar.hasan@su.edu.krd

وەگـــــرتن : 2022/03/07

پەسندکردن : 2022/05/25

بڵاوکردنەوە : 2022/10/25

**پوختە**

ڕەخنەی تەواوکاری (فرە میتۆدی) بریتییە لە ئامادەبوونی چەند میتۆدیکی ڕەخنەیی لە توێژینەوەدا، واتە توێژینەوەکە پشت بە چەند میتۆدیکی ڕەخنەیی دەبەستیت و زەمینەسازییەکی گونجاو لە نێوان ئەم میتۆدانە دروستدەکرێت و بەهۆیانەوە لە ڕەگەز و ڕەهەندە جیاوازەکانی تیکستی شیعری دەکۆڵدرێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا لە تێڕوانینێکی سەراپاگیری و گشتگیرییەوە لە تێکستی شیعری بکۆڵدرێتەوە. ئەم میتۆدانەش ڕەنگبێت میتۆدی ڕەخنەی دەرەکی بن، یان ناوەخۆیی بن، یان لە تێکەڵکردنی هەردوو جۆرەکە (دەرەکی و ناوەخۆیی) سازکرابن. ئەم تویژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی سیما و ئەدگارەکانی ئەم ڕەخنەیە لە ڕەخنەی ئەکادیمی شیعری کوردیدا. توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە و لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پۆختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

**وشە کلیلەکان**: ڕەخنەی تەواوکاری، شێوازگەری، ئاستە زمانییەکان، هەڵوەشاندنەوەگەرایی، لێکدانەوە.

## پێشەکی:

### _ ناونیشانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (فرە میتۆدی (ڕەخنەی تەواوکاری) لە ڕەخنەی شیعری کوردیدا، نامەی ماستەری (زمانی شیعری و ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ) بە نموونە) هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی یەکێک لە سیما دیارەکانی ڕەخنەی زانستی و بابەتی کە پشت بە ڕەخنەیەکی دامەزراو لەسەر بنەمای میتۆدبەندی و ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی لە توێژینەوەی ڕەخنەی شیعری کوردیدا دەبەستێت، کە لە گۆڕەپانی ڕەخنەی ئەدەبیدا بە (ڕەخنەی تەواوکاری) ناسراوە.

### _ میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە میتۆدەکەی توێژەری فەرەنسی (جۆهانا ناتالی) وەرگرتووە. کە لە چەند هەنگاوێکدا کورتبۆتەوە، بریتیین لەمانە: ئامانجەکانی توێژینەوە، سەرچاوە بەکارهاتووەکان، کەرەستەی لێتوێژراو (جۆر و تایبەتمەندێتی)، چوارچێوەی میتۆدبەندی و هۆشیاری پڕاکتیزەکردن، مومارەسەی ڕەخنەیی (ڕێکخستن، وەسف، میکانیزمەکانی شیکردنەوە و لێکدانەوە).

### _ پلانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە و لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو. بەشی یەکەم بە ناونیشانی (ڕەخنەی تەواوکاری) لە چەند تەوەرەك پێکهاتووە. تەوەرەی یەکەم بەگشتی باسی ڕەخنەی تەواوکاری کراوە، لە تەوەرەی دووەمدا باسی ڕەخنەی ڕەخنەی تەواوکاری و توێژینەوەی تێکستی شیعری کراوە. تەوەرەی سێیەم تایبەتە بە لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕەخنەی تەواوکاری. بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە پراکتیکییە و دەچێتە بواری (ڕەخنەی ڕەخنە)وە و لە چەند تەوەرەیەکی سەرەکی پێکهاتووە. تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە خستنەڕووی هەڵوێستەیەك لەسەر ناونیشانی توێژینەوەکە. لە تەوەرەی دووەمدا باسی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و ئەو هەڵبژاردە میتۆدبەندییەی توێژەر پشتی پێ بەستووە کراوە. لە تەوەرەی سێیەمدا باسی سروشت و تایبەتمەندی و چۆنێتی بەکارهێنانی سەرچاوە پشت پێبەستراوەکانی توێژینەوەکە کراوە و تەوەری


چوارەمیش تایبەتە بەو کەرەستە و تێسکتە شیعرییانەی بە نموونە وەرگیراون لە بواری پراکتیکدا. لە تەوەرەی پێنجەمدا چوارچێوەی میتۆدبەندی توێژینەوەکە و هۆشیاری توێژەر لە مەسەلەی بەکارهێنانی میتۆدبەندی لە توێژینەوەکەیدا خراوەتەڕوو لە بواری پراکتیزەکردندا. تەوەرەی شەشەمیش تایبەتە بە مومارەسەی رەخنەیی لەم توێژینەوەیەدا، کە خۆی لە سێ پرۆسەی سەرەکیدا دەبینێتەوە، کە بریتیین لە (رێکخستن، وەسف، میکانیزمەکانی شیکردنەوە و لێکدانەوە)، کە چۆنێتی ئەنجامدانی مومارەسەی رەخنەیی لە توێژینەوەکە رووندەکەنەوە.

**1: رەخنەی تەواوکاری (ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی رەخنەیی)**


**1-1: رەخنەی تەواوکاری[1] (فرە میتۆدی):**

ئەم پرۆسەی بەکارهێنانی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی لە توێژینەوەدا بە ڕەخنەی تەواوکاری (النقد التكاملي) لە رەخنەی ئەدەبیدا ناسراوە. بەشێوەیەکی گشتی تەواوکاری وەکو چەمکێك لە هەموو بوارێکدا بوونی هەیە و چەمکە گشتییەکەی بریتییە لە پرۆسەی یەکخستن و هەماهەنگی و بەیەکەوە بەستنەوەی بەشە جیاواز و پێکهێنەرەکانی بوونێك یان دیاردەیەك یان چەمکێك لە یەکەیێکی تەواو و ئۆرگانیدا. یان نزیککردنەوە و بەیەکەوە گونجان و لێکدانی چەند بیر و هەنگاو و ئاراستە و تیۆرێکی جیاوازە بۆ سازدانی پێکهاتەیەکی نوێ (قادر، ٢٠٠٩، 39-41)، بۆیە هەندێکجار زاراوەی (التركيبي) بۆ بەکاردەهێنرێت. ئەم بیرۆکەیە گواسترایەوە بۆ نێو ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبییەوە. ئەدەب و رەخنەی ئەدەبیش بە هەمان شێوە سوودیان لە چەمکی ئەم زاراوەیە بینی و لەنێو توێژینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندا بەکارهێنراوە بە دوو شێوە و دوو چەمکی جیاوازەوە:

-لە ئەدەبدا: چەمکەکە بە مەبەستی ئەوە بەکارهێنراوە کە تێکستی ئەدەبی فرە ڕەگەز و فرە ڕەهەند و فرە لایەنە و پێوەندییەکی توند و تۆڵ لەنێوانیاندا هەیە و هەموویان لە پرۆسەی پێکهێنان و داهێنانی تێکستی ئەدەبیدا بەشدارن، بەمەش یەکێتییەکی ئۆرگانییان لە نێواندا هەیە و ئەستەمە بتوانرێت لە یەکتری جیابکرێنەوە یان بایەخ بە یەکێکیان بدرێت لەسەر حیسابی ئەویتریان.




- لەنێو ڕەخنەی ئەدەبیدا: چەمکی ئەم زاراوەیە بۆ مەبەستی لە یەکتر نزیککردنەوەی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی و گونجاندن و یەکخستن و تێکەڵکردنیان بە شێوەیەکی گونجاو و ورد و لێهاتوو و هۆشیارانە بە مەبەستی پێکهێنانی میتۆدێکی ڕەخنەیی وا کە لە توانایداهەبێت لە هەموو ئەوانەی لە خاڵی سەرەوەدا باسمانکرد بکۆڵێتەوە و تێکستی ئەدەبی لە یەکەیێکی یەکگرتوو و گشتگیر و یەکێتییەکی ئۆرگانی تەواودا بخاتەڕوو.




ئامانج لە ڕەخنەی تەواوکاری و بەکارهێنانی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی بەیەکەوە لە یەك توێژینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەییدا زیاتر ئەو مەبەستانەی سەرەوە دەپێکێت و دەیانهێتەدی. ئەمە جگە لەوەی ((بانگەشەیەکیشە بۆئەوەی ڕەخنەگر سوود لە قوتابخانە ئەدەبی و

[1] - بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی بەکارهێنانی چەند میتۆدێکی رەخنەیی (رەخنەی تەواوکاری) لە توێژینەوەدا، بڕوانە: میتۆدی رەخنەی تەواوکاری (التكاملی) لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا، رێبین خلیل قادر، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٩.

ڕەخنەییە جیاوازەکان وەربگرێت و تەنیا تێڕوانینی یەك قوتابخانەی مێژوویی یان دەروونی یان هونەری وەرنەگرێت))(نشأە، 1976، 199). بۆچوونێک هەیە پێیوایە کە پێویستە ڕەخنەگر دەستبەرداری بیرۆکەی بایەخدان بە ڕەهەندێکی دیاریکراوی نێو تیکست بێت و تێڕوانینی خۆی فراوانتر بکات و باوەڕی بە کاری هاوبەشی و هەرەوەزی نێوان میتۆدە ڕەخنەییەکان هەبێت، هەتا ئەگەر ئەم میتۆدانە لەگەڵ یەکتر جیاوازیش بن (عبدالحمید، ۲۰۰۳، ۹۷). ئەمەش لەوەوە سەریهەڵداوە کە زۆرجار مەسەلەی بەکارهێنانی میتۆدێکی دیاریکراو لە توێژینەوەدا کێشەی جەوهەری دێنێتەپێشەوە کە زۆرجار چارەسەرکردنیان ئاسان نییە، بۆیە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە دەشێ سوود لە بیرۆکەی بەکارهێنانی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی وەربگیرێت، بەمەش تێڕوانین و جیهانبینی رەخنەگر فراوانتر دەبێت و بوار و سنووری کارکردنی لەبەردەمدا واڵادەبێت. ڕەخنەگر کاتێك چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی بەکاردێنێت و بەهۆیانەوە توێژینەوە لە تێکستی ئەدەبی دەکات (بە مەرجێك ئەو تێکستە لەگەڵ ئەو میتۆدانەی ڕەخنەگر هەڵیبژاردوون بگونجێت و تایبەتمەندی و سیماکانی لەگەڵ میتۆدەکاندا یەکبگرێتەوە)، ئەوا تەواوی یان زۆربەی ئەو زانیاری و داتا و کەرەستە و پێوەر و میکانیزم و پێویستییانەی لەمیانی توێژینەوەکەیدا پێویستی پێیان دەبێت و بەرکاریاندێنیت لەبەردەستیدا دەبن و ڕەخنەگریش تەنیا ئەوەی لەسەر پێویستە کە بەیەکەوە بیانگونجێنێت و زەمینەیەکی لەباریان بۆ بسازێنێت و هۆشیارانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بەمەش ((لە ڕێگەی ئەم بەیەکگەیشتنەوە ڕەخنەگر دەتوانێت لە تێڕوانینێکی وردەوە، کە پشت بە ڕێژەیەکی زۆری بابەتیبوون دەبەستێت، لە تێکستەکە بڕوانێت و بەهۆیەوە بگاتە ڕەهەندە جیاوازەکانی تێکستەکەوە))(حجازی، 2005، 34).

**1_ 2: ڕەخنەی تەواوکاری (فرەمیتۆدی) و توێژینەوەی تێکست:**

تێکستی ئەدەبی دیاردەیەکی ئاڵۆز و بەناویەکداچووە، لە چەندین ئاست و ڕەهەند و ڕەگەزی جۆراوجۆری پێکهاتووە، هەموو ئەو ئاست و ڕەهەند و ڕەگەزە جۆراوجۆرانە لە پێکهاتەیەکی هەمەکی گشتی تەواودا لەنێو یەکێتییەکی ئۆرگانیدا بەیەکەوە بەستراونەتەوە. لە لایەکی ترەوە، تێکستی ئەدەبی خاوەن و داهێنەری خۆی هەیە و پێیەوە بەندە و لە هەمان کاتیشدا لە قۆناغێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دیاریکراو و سەردەم و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و جوگرافی دیاریکراو و بە کاریگەری گۆڕانکارییە مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و رۆشنبیری و ئابورییەکانەوە سەرهەڵدەدات. لەولاشەوە تێکستی ئەدەبی لەلایەن وەرگر یان خوێنەرەوە پێشوازی لێدەکرێت و هەر وەرگرێکیش میکانیزمی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پێشوازیکردن لە تێکست و ئاوێتەبوون و وەڵامدانەوەی. لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە دیاردەی داهێنانی ئەدەبی ئاڵۆزە و بە تۆڕێك پێوەندی فراوان و ئاڵۆز و بەناویەکداچوودا تەنراوە و ئەستەمە بتوانرێت لە روانگەی یەك لایەن و ڕەهەند و ڕەگەزەوە توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت و بڕیاری کۆتاییش لەبارەی تایبەتمەندی و سروشت و ئەنجام و لێکەوتەکانییەوە بدرێت، چونکە دواجار ئەم ئەنجام و لێکەوت و دەستکەوتانە تەنیا پێوەندییان بە یەك ڕەگەز و ڕەهەندەوە هەیە و ئەوانی تر فەرامۆشکراون، بۆیە ((ئەو تێڕوانینە ڕەخنەییەی پشت بە زانیارییەکانی یەك قوتابخانە دەبەستێت – لەپاڵ سوودەکانی – کەموکوڕی زۆریشی هەیە، بێگومان سوودوەرگرتن لە بۆچوونە جیاوازەکانی قوتابخانە رەخنەییە جیاوازەکان لە توێژینەوەی تێکستی ئەدەبیدا بەسوودتر دەبێت، چونکە لە هەموو گۆشە جیاوازەکانی تێکستی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و هیچ لایەنێك لە لایەنەکانی فەرامۆشناکات))(نشأة، 1976، 199). بەمەش ناتوانرێت تەنیا لەمیانی یەك ڕەگەز و ڕەهەندەوە شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و بڕیار و هەڵسەنگاندن بۆ تێکست بکرێت، کە ئەمە مۆرکی سەرەکی ئەو توێژینەوانەیە کە یەك میتۆدی ڕەخنەیی بەکاردێنن و سروشتی توێژینەوەکانیان بەندە بەو ڕەهەند و ڕەگەزە دیاریکراوەی بە گوێرەی میتۆدە ڕەخنەییەکە لێیدەکۆڵنەوە.

مادام تێکستی ئەدەبی دیاردەیەکی فرە ڕەهەند و فرە ڕەگەز بێت و لەمیانی (تێکستنووس – تێکست – وەرگر)ەوە سروشت و ئەرك و پێوەندییەکانی بگۆڕێن ومادام توانستی تێکستی ئەدەبی وابێت کە لە توانایدا هەبێت هەموو مەعریفە و زانیاری و زانستێك لەخۆبگرێت، ئەوا بەڵگەنەویستە کە تیکستی ئەدەبی گوێڕایەڵی یەک پێوەر نابێت (واطسون، 1979، 264)، یەک پیوەر واتە یەک میتۆدی ڕەخنەیی، کەواتە یەك میتۆدی ڕەخنەیی لەتوانایدا نابێت بەم هەموو پێوەندییە فراوان و تێکچڕژاوانەی نێوان ڕەگەز و ڕەهەند و ئاستە جیاوازەکانی تێکست ڕابگات و لە یەك کاتدا بایەخ بە هەموویان بدات، چونکە هیچ میتۆدێکی ڕەخنەیی خاوەنی تەواوی میکانیزم و کەرەستە و هەنگاوە ڕەخنەییە کردەییەکان نییە کە بتوانێت لە هەموو لایەنە جیاوازەکانی تێکست بکۆڵێتەوە. لێرەوە دوای ئەو کێشە میتۆدییانەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی تاکە میتۆدێکەوە سەریهەڵدا، هەوڵێك لە نێو ڕەخنەی ئەدەبیدا سەریهەڵدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، لەو ڕوانگەیەوە کە تێکستی ئەدەبی فرە ڕەگەز و توخم و ڕەهەندە و دەبێت لەمیانی توێژینەوەدا ڕەچاوی هەموو ڕەهەند و لایەنە جیاوازەکانی تێکست بکرێت، چونکە ((لێکدانەوەی بەرهەمی ئەدەبی لەمیانی یەك هۆکارەوە پێچەوانەی کاری داهێنراوە، کە بەرهەمی دەروونی ئاڵۆز و تێکچڕژاوی مرۆڤایەتییە و ناکرێت لەم بەرهەمە بگەین تەنیا لە ڕێگەی پێکهاتە هەستی و عەقڵی و جوانییەکانییەوە نەبێت، ئەمە سەرەڕای ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کە

کاریگەرییان لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکەدا هەبووە))(شراد، 1998، 245)، واتە دەبێت بایەخ بە لایەنی جوانی تێکست کە پێوەندی بە ناوەوەی تێکست هەیە و لە هەمان کاتیشدا بایەخ بە لایەنی دەروونی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و هەستی و سۆزداری بدرێت کە پێوەندییان بە لایەنی دەرەوەی تێکستی ئەدەبییەوە هەیە. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەش بەشێك لە رەخنەگران و توێژەرانی بواری ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی پێشنیازی ئەوەیانکرد کە لە کردەی رەخنەگرتن و توێژینەوەی ئەدەبی و رەخنەییدا هەوڵبدرێت زەمینەسازی و کەشێکی گونجاو بۆ تێکەڵکردنی چەند میتۆدێکی رەخنەیی سازبکرێت و سوود لە میکانیزم و کەرەستە و زاراوە و تێروانین و هەنگاوە پراکتیکییەکانی ئەم میتۆدانە وەربگیرێت و لەمیانی توێژینەوەی تێکستدا بەکاربهێنرێن، بەجۆرێك هەوڵبدرێت بایەخ بە هەموو یان بەشی زۆری رەگەز و توخم و رەهەندە جیاوازەکانی تێکست بدرێت و هیچ لایەنێکی تێکست لەسەر حیسابی ئەوی تریان فەرامۆشنەکرێت، بە مەرجێك دەبێت زەمینەسازییەکی وا بۆ ئەم کارە بهێنرێتەکایەوە کە تێیدا توێژینەوە لە کێشە و لێکەوتەکانی تێکەڵکردنی میتۆدەکان و ئەو دۆخ و حاڵەتانەی لە ئەنجامی جیاوازی میتۆدەکان لەگەڵ یەکتری و لایەنی نەرێنی ئەم میتۆدانە و هەنگاوە پراکتیکییەکانیان و چۆنێتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ تێکستدا سەرهەڵدەدەن پارێزراوبێت و توێژەر وردبین و زیرەکانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

هەوڵدان بۆ سازدانی زەمینەیەکی گونجاو بۆ تێکەڵکردنی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی کارێکی هەروا ئاسان و هەڕەمەکی و بێ بەرنامە نییە و پێوەندی بە حەز و ئارەزووی ڕەخنەگر و توێژەرەوە نییە لەوەی سوود لە چەند میتۆدی ڕەخنەیی وەردەگرێت یان چ جۆرە میتۆدێکی ڕەخنەیی بەیەکەوە دەگونجێنێت و پرۆسە ڕەخنەییەکەی ئەنجامدەدات. ئەم پرۆسەیە پێوەندی بە چەند لایەنێکەوە، لەمانەش:

- جۆری ئەو تێکستە ئەدەبییەی کە توێژەر توێژینەوەی لەبارەوە دەکات. تێکستی ئەدەبیش جۆری ئەو میتۆدە ڕەخنەییە دیاریدەکات کە لەگەڵی دەگونجێت.

- جۆری ئەو تێڕوانین و گۆشەنیگایانەی کە لێیەوە ڕەخنەگر دەڕوانێتە تێکست. ئەمەش جۆری ئەو میتۆدە ڕەخنەییانە دەستنیشاندەکات کە ڕەخنەگر بەکاریاندێنێت.

- جۆر و ژمارەی ئەو میتۆدە ڕەخنەییانەی کە بۆ تێکستەکە دەگونجێن، کە لە دوو میتۆدی ڕەخنەیی یان سێ یان چوار و زیاتریش پێکدێت.

ڕەهەندە پێکهێنەرەکانی تێکستی ئەدەبی دوو بەشن، بەشێکیان پێوەندییان بە دەرەوەی تێکستەوە هەیە، و بەشەکەی تریان پێوەندییان بە ناوەوەی تێکستەوە هەیە. لە ئەنجامی بایەخدانیش بەم ڕەهەندە جیاوازانە، دوو جۆری توێژینەوەی تێکستی ئەدەبی سەریانهەڵداوە، کە ئەمانەن:

• توێژینەوەی تێکستی ئەدەبی لە دەرەوە (دراسة النص من الخارج)

• توێژینەوەی تێکستی ئەدەبی لە ناوەوە (دراسة النص من الداخل)

بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین هەر تێکستێکی ئەدەبی لە ڕوانگەی دوو جۆر تێڕوانینی جیاوازەوە شیبکەینەوە، ئەوانیش بریتین لە توێژینەوە تێکستی ئەدەبی لە دەرەوە، کە زیاتر بایەخ بە چوارچێوە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوری و ئایدیۆلۆژی و ژینگەییەکان و سەردەمی سەرهەڵدانی تێکستی ئەدەبی ئەو هۆکارانەی ڕۆڵیان لە داهێنانی تێکستی ئەدەبیدا هەیە دەدەن. ئەوی تریشیان بریتییە لە توێژینەوەی تێکستی ئەدەبی لەناوەوە، کە زیاتر وەکو بونیادێکی سەربەخۆ لە تێکست دەڕوانێت و تێکست لە چوارچێوە و هۆکارە دەرەکییەکان دادەبڕێنێت و زیاتر لەنێو فۆرم و هەناوی تێکستدا توێژینەوە لە ڕەهەندە جۆراوجۆرە پێکهێنەرەکانی فۆرم و زمانی تێکستی ئەدەبی دەکەن (قادر، 2009، 48-51). میتۆدە ڕەخنەییەکان بەسەر ئەم دوو جۆرەی توێژینەوەدا دابەشبوون، واتە بەشێك لە میتۆدە ڕەخنەییەکان دەچنە نێو خانەی توێژینەوەی ئەدەب لە دەرەوە و بەشێکی تریان دەچنە نێو خانەی توێژینەوەی ئەدەب لە ناوەوە، بەمشێوەیەی خوارەوە:


• توێژینەوەی ئەدەب لە دەرەوە: میتۆدە ڕەخنەییەکانی توێژینەوەی ئەدەب لە دەرەوە: (میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی، میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، میتۆدی ڕەخنەی دەروونی، میتۆدی ڕەخنەی ئەفسانەیی).

• توێژینەوەی ئەدەب لە ناوەوە: میتۆدە ڕەخنەییەکانی توێژینەوەی ئەدەب لە ناوەوە: (ڕەخنەی نوێ (ڕەخنەی ئەنگلۆ – ئەمریکی)، فۆرمالیزمی ڕووسی، بونیادگەری فۆرمالیزمین شێوازگەری زمانەوانی، سیمیۆلۆژیا، هەڵوەشاندنەوەگەرایی، تیۆری وەرگرتن، تیۆری وەڵامدانەوەی خوێنەر، دەقناسی (زانستی دەق)، ڕەخنەی فینۆمینۆلۆژی، هێرمینۆتیکای نوێ (هێرمینۆتیکای فەلسەفی)).

ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی لەنێو توێژینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندا کارێکی هەروا ئاسان و بێ بەرنامە و بێ ئامانج نییە و هەڵبژاردنی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی و بەیەکەوە گونجاندنیان بۆ مەسەلەی توێژینەوە لە تێکستی ئەدەبی کارێکی تا ڕادەیەك

ئاڵۆز و گرانە و پێویستی بە شارەزایی و لێهاتوویی و زیرەکی و وردی هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە سروشتی بابەت و ناونیشان و گرفتی لێکۆڵدراو و ئامانج و مەبەست و تێروانینی توێژەر و شێوە و شێواز و چۆنێتی چارەسەرکردنی بابەت و گرفتەکان جۆر و چۆنێتی ئەو ئەنجامانەی کە لەمیانی توێژینەوەکەیدا هەوڵیان بۆ دەدات، ئامادەبوونی ژمارە و جۆر و چەندێتی و چۆنێتی میتۆدە ڕەخنەییەکان و ئاراستەی جیاوازی نێو میتۆدە ڕەخنەییەکانی و چۆنێتی بەکارهێنان و سوودلێوەرگرتنیان دیاریدەکات. بۆیە دەبینین کە لەو توێژینەوانەی هەوڵی تێکەڵکردن و بەرکاهێنانی چەند میتۆدێکی ڕەخنەییان داوە، ئامادەبوونی میتۆدەکان بە چەند شێوەیەکە:

- ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی لەو میتۆدە ڕەخنەییانەی کە توێژینەوە لە ئەدەب لە دەرەوەی ئەدەبدا دەکەن، بۆ نموونە دەشێ توێژینەوەیەك میتۆدە ڕەخنەییەکانی مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بەکارهێنابێت و سوودی لە بنەما و میکانیزم و چەمك و زاراوە و کەرەستە و هەنگاوە پراکتیکییەکانی ئەم میتۆدانە وەرگرتبێت و گونجانێکی لە نێوانیاندا درووستکردبێت و بە پێی پێویستی توێژینەوەکە بەکاریهێنابن. لەم جۆرانەدا دەشێ دوو میتۆدی ڕەخنەیی یان سێ یان چوار و یان زیاتر بەکارهێنرابن. لێرەدا مۆرکی توێژینەوەی دەرەوەی ئەدەب بەسەر ئەدەبدا زاڵدەبێت، بەڵام بە ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی جیاواز کە بەمەش توێژەر دەتوانێت بایەخ بە زۆری ڕەهەندی جیاوازی تێکستی ئەدەبی بدات.
- ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی لەو میتۆدە ڕەخنەییانەی کە توێژینەوە لە ئەدەب لە ناوەوەی ئەدەبدا دەکەن، بۆ نموونە دەشێ توێژینەوەیەك میتۆدە ڕەخنەییەکانی وەك بونیادگەری فۆرمالیزمی و سیمیۆلۆژیا و هەڵوەشاندنەوەگەرایی، یان سیمیۆلۆژیا و هێرمینۆتیکای نوێ، یان تیۆری وەرگرتن و ڕەخنەی فینۆمینۆلۆژی ... هتد لەگەڵ یەکتردا بگونجێنێت و بەکاریانبهێنێت، لێرەدا مۆرکی توێژینەوەی ناوەوەی ئەدەب بەسەر ئەدەبدا زاڵدەبێت، بەڵام بە ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی جیاواز. بەمەش توێژەر لە توانایدا دەبێت کە لە چەندین ڕەهەند و ڕەگەزی جیاوازی تێکستی ئەدەبی بکۆڵێتەوە کە پێوەندییان بە ناوەوەی تێکستی ئەدەبییەوە هەیە.
- ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی لە هەردوو جۆری توێژینەوەی ئەدەب لە دەرەوە و توێژینەوەی ئەدەب لە ناوەوە، ئەمەیان جیاوازترە لە دوو جۆرەکەی تر، چونکە لە جۆری یەکەم و دووەمدا مۆرك و سروشتی یەك جۆر توێژینەوە بەسەر ئەدەب و توێژینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندا زاڵە، کە ئەوانیش یان توێژینەوەی ئەدەبن لە دەرەوە بە ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی کە لە دەرەوەی ئەدەب لە ئەدەب دەکۆڵنەوە، یان توێژینەوەی ئەدەبن لە ناوەوە بە ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی کە لە ناوەوە و هەناوی ئەدەبدا لە ئەدەب دەکۆڵنەوە و ئەدەب لە دەرەوەی خۆی دادەبڕێنن. کەچی لەم جۆرەیاندا هەردوو ئاراستەی توێژینەوەی ئەدەب لە دەرەوە و ناوەوەدا لەگەڵ یەکتر دەگونجێنرێن و بەهۆیانەوە دەتوانرێت لە ڕەهەند و ڕەگەز و توخمە پێکهێنەرەکانی دەرەوە و ناوەوەی تێکستی ئەدەبی بکۆڵرێتەوە.



لەبارەی ژمارەی ئەو میتۆدە ڕەخنەییانەی کە توێژەر مەبەستێتی سوودیان لێوەربگرێت و بەکاریانبێنێت، لە توێژینەوەیەکەوە بۆ توێژینەوەیەکی تر و لە توێژەرێکەوە بۆ توێژەرێکی تر دەگۆڕێت، هەڵبەت ئەمەش بەگوێرەی ئەو بابەت و ناونیشانەی توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت و ئەو ئامانج و ئەنجامەی توێژەر و ڕەخنەگر هەوڵی بۆ دەدات. بۆیە ئامادەبوونی چەند میتۆدێك لە توێژینەوەیەکدا لەڕووی ژمارە و چەندێتی و چۆنێتی و ڕێژەی سوودلێبینینەوە جیاوازە، دەشێ بە چەند شێوەیەك بێت: ( ئامادەبوونی دوو میتۆدی ڕەخنەیی، ئامادەبوونی سێ میتۆدی ڕەخنەیی، ئامادەبوونی چوار میتۆدی ڕەخنەیی، ئامادەبوونی پێنج میتۆدی ڕەخنەیی ... هتد). ئامادەبوونی ئەم میتۆدانەش دەشێ میتۆدی (دەرەکی) یان (ناوەکی) یان (دەرەکی و ناوەکی) پێکەوە بن، بەگوێرەی جۆری چارەسەری و گۆشەی خوێندنەوەی تێکست و ئەو ئامانجانەی ناونیشانی توێژینەوەکە دەیەوێت. هەڵبەت لە بەکارهێنان و سوودبینین لەم میتۆدە ڕەخنەییانەشدا، توێژەر و ڕەخنەگر ((ئەو لایەنە وەردەگرێت کە خزمەتی لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکەی خۆی دەکات))(ڕەشید، 2018، 64).

**1_3: لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی رەخنەی تەواوکاری:**

هەڵبەت بەکارهێنانی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی لە توێژینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندا، چەند خاڵێکی ئەرێنی و نەرێنی هەیە و چەندین کێشەی میتۆدبەندی لەنێو توێژینەوەکاندا دێنێتەکایەوە، کە زۆرجار توێژەر و ڕەخنەگر تووشی جۆرێك لە کێشەی میتۆدبەندی دەکەنەوە، کە ڕەنگبێت زۆرجار توێژەر بە لاڕێدا ببەن و لەو ئامانج و ئەنجامەی هەوڵی بۆ دەدات دووری دەخەنەوە. دەشێ خاڵە ئەرێنییەکانی ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی لەمانەی خوارەوەدا کورتبکەینەوە:

• زیاتر لە ڕەهەندێکی تێکستی ئەدەبی ڕووندەکاتەوە، بەمەش تا ڕادەیەك وێنەیەکی هەمەلایەنەی تێکستی ئەدەبی دەخاتەبەرچاو (قادر، 2009، 42/ڕەشید، 2018، 65).

• ئەو ڕەهەندە جیاوازانەی لە توێژینەوەکەدا دەخرینەڕوو و لێیاندەکۆڵدرێتەوە، دەشێ لەسەر ئاستی دەرەوەی تێکست بن، یان لەسەر ئاستی ناوەوەی تێکست بن، یان لەسەر هەردوو ئاستی دەرەوە و ناوەوەدا بن. ئەمەش بەگوێرەی ئەو میتۆدانەی بەکارهاتوون دەگۆڕێت.

• توێژینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەییەکان وابەستەی هەرسێ لایەنەکەی پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی کە (تێکستنووس و تێکست و وەرگر)ن دەکرێت و تێکست جگە لەوەی بۆخۆی و لەنێو خودی خۆیدا لێیدەکۆڵدرێتەوە لەگەڵ ئەمەشدا لە پێوەندیدا دەبێت لەگەڵ هەریەکە لە (خاوەنەکەی و ئەو جەماوەرەش کە پێشوازیلێدەکەن). بەمەش توێژینەوەکە لە تێڕوانینێکی هەمەلایەن و تەواوکارییانەوە لە تێکستی ئەدەبی دەڕوانێت.

• توێژەر و ڕەخنەگر دەستکراوەدەبێت لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ تێکستی ئەدەبیدا و پەلهاویشتن بۆ زۆربەی ئەو نهێنی و کونج و کەلەبەرانەی پێوەندییان بە ڕەهەندە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی تێکستەوە هەیە.

• ڕێگە بۆ توێژەر و ڕەخنەگر خۆشدەکات لە هەموو جۆرە تێکستێکی ئەدەبی بکۆڵێتەوە، جا ئەو تێکستە لە هەر ژانر و  جۆر و ئاستێکدا بێت و لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە هەرچییەک بێت، لەڕووی بەهێزی و لاوازییەوە لە هەر ئاستێکدا بێت و هی هەر سەدەم و قۆناغ و ڕێبازێکی ئەدەبی و فیکری و رۆشنبیری بێت.

• هەوڵی داپۆشین و پڕکردنەوەی کەموکوڕی و خاڵە لاواز و نەرێنییەکانی میتۆدە ڕەخنەییەکانی تر دەدات، ئەمەش بەوەی لە تێڕوانینێکی هەمەلایەنییەوە لە تێکستی ئەدەبی دەڕوانێت.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی لە توێژینەوەیەکدا ئیدی دەرمانی چارەسەری تەواوەتییە و توێژینەوەیەکی بێ کەموکوڕی و بەهێز و نموونەیی دەخاتە بەردەستان و ڕەخنەگر و توێژەری نموونەیی بەرهەمدێنێت. چونکە هەتا لەم جۆرە توێژینەوانەش کە چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی تێدا ئامادەیە، کەموکوڕی و خاڵی نەرێنی هەیە کە دەشێ لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتیانبکەینەوە:

• تێکەڵکردنی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی لە چوارچێوەی یەك کاری ڕەخنەییدا، ئەگەر لە هۆشمەندییەکی ڕەخنەیی و لەبەر ڕۆشنایی ئامانجێکی پلان بۆ دارێژراو نەبێت و ڕەخنەگر بەپێی پێداویستی بابەتیانە سوود لە هەر لایەنێکی میتۆدە جیاجیاکان نەبینێت، ئەوا جۆرە نەسازی و پەرتەوازەیی و لێکدابڕانێك دەکەوێتە نێوان هەنگاو و بەشەکانی کارە ڕەخنەییەکەوە، لەسەرووی هەموویانیشەوە لەنێوان شیکردنەوەکانی ڕەخنەگر لەلایەك و ئەنجامی کارەکەی لەلایەکی ترەوە (ڕەشید، 2018، 65).

• هەندێکجار ئەم رەخنەیە سیفەتی میتۆدبوونی نامێنێت، چونکە کاتێک چەند میتۆدێکی رەخنەیی تێکەڵی یەکتر دەکرێن، میکانیزم و کەرەستە میتۆدبەندی و رەخنەییەکانی روون و ئاشکرانین، ئەمەش لەبەرئەوەی میکانیزم و بنەمای رەخنەیی چەندین میتۆد تیکەڵی یەکتر دەکرێن و بەمەش جۆرێک لە تیکەڵی بە میکانیزم و رێکارییەکانییەوە دیارە و ئەمەش وادەکات رەخنەگر لە گۆشەنیگا

و تێڕوانینی جیاوازەوە مامەڵە لەگەڵ تێکست بکات (عبدالرزاق، 2017، 188). بەمەش توانای بەسەر بەشێک لەو هەنگاوە پراکتیکییانە نەشکێت کە بۆ توێژینەوە لە تێکستەکە ئەنجامیدەدات.

• زۆربەی جار توێژەر و ڕەخنەگر ئاگایانە و بە مەبەستەوە بێت، یان لە نائاگاییانەوە بێت لە توێژینەوەدا و لەمیانی بەکارهێنانی چەند میتۆدێکی ڕەخنەییەوە هەوڵی گواستنەوەیەکی هەڕەمەکی و بێ بەرنامە لە پراکتیزەکردنی میتۆدێکی ڕەخنەیی بۆ میتۆدێکی تری ڕەخنەیی دەدەن، بە بەهانەی جێبەجێکرنی تێڕوانینی هەمەلایانە بەسەر تێکستی ئەدەبیدا و توێژینەوە لە ئەدەب لە ڕوانگەیەکی فرە ڕەهەندی فرە لایەنییەوە. ئەم پرۆسەیە نابێتە هۆی درووستبوونی تێڕوانینێکی میتۆدییانەی تەواوکاری و گشتگیر و فرە ڕەهەن (لحمدانی، 1986، 6-7).

• زۆرجار لە توێژینەوەدا هاوسەنگی لەنێوان میتۆدە ڕەخنەییە بەکارهاتووەکاندا بەدیناکرێت و ڕێژە و چۆنێتی و چەندێتی ئامادەبوونیان لە توێژینەوەکاندا جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ یەکتردا، ئەمەش زۆرجار وادەکات میتۆدێك ڕێژەی سوودلێبینین و بەکارهێنان و ئامادەبوونی لەنێو توێژینەوەدا زیاتر و فراوانتربێت لەوانی تر و بەمەش توێژینەوەکە زیاتر مۆرك و سروشتی ئەو میتۆە ڕەخنەییە هەڵبگرێت.

• زۆرجار ڕەخنەگر لە هەڵبژاردن و بەیەکەوە گونجاندنی میتۆدە ڕەخنەییە بەرکارهاتووەکاندا سەرکەوتوو نابێت و هۆشیاری ڕەخنەیی ئەوەندە بڕناکات سوود لە چ جۆرە میتۆدێکی ڕەخنەیی وەربگرێت و چۆن لەگەڵ یەکتردا بیانگونجێنێت، بۆئەوەی زەمینەسازییەکی وا بێنێتەکایەوە بتوانێت بەهۆیانەوە ئامانجەکانی لە توێژینەوەدا بێنێتەدی.

• نەبوونی هۆشیاری سەبارەت بە پاشخانی فەلسەفی و مەعریفی و فیکری ئەو میتۆدانەی کە تێکەڵدەکرێن، چونکە هەر میتۆدێکی ڕەخنەیی لە قۆناغ و سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو و بە پاڵپشتی پاشخانێکی فراوانی فەلسەفی و مەعریفی و فیکرییەوە سەریهەڵداوە. زۆرجار توێژەر شارەزای ئەم پاشخانە نییە و تەنیا بۆ ئەوەی لە تێڕوانینێکی هەمەلایەنەوە توێژینەوەکەی ئەنجامبدات، ئەم میتۆد و ئەو میتۆد تێکەڵدەکات و بەسەر تێکستی ئەدەبیدا پراکتیزەیاندەکات.

**2- ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی رەخنەیی لە نامەی ماستەری (زمانی شیعری و رەخنەی ئەدەبیی نوێ (ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر بە نموونە))**

**2_1: هەڵوەستەیەك لەسەر ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (زمانی شیعری و رەخنەی ئەدەبیی نوێ)، لە بەشی دووەمی ناونیشانەکەدا توێژەر ئاماژە بەوە دەکات کە شیعری شاعیرانی هەشتاکانی هەولێری بە نموونە وەرگرتووە و لە روانگەی میتۆدە رەخنەییە نوێ و هاوچەرخەکانەوە لە زمانی شیعری شاعیرانە دەکۆڵێتەوە. ئەوەی لێرەدا جێی سەرنج و تێبینیکردنە بەشی دووەمی ناونیشانە سەرەکییەکەیە کە بریتییە لە (رەخنەی ئەدەبیی نوێ). توێژەر رەگەزێکی سەرەکی شیعری وەرگرتووە کە (زمان)ە بەچاوی رەخنەی نوێوە لێیڕوانیووە، واتە لە بنەڕەتدا چەند میتۆدێکی رەخنەیی بەسەر زمانی شیعریدا پراکتیزەکردووە. کە بریتیین لە دوو گروپ میتۆدی رەخنەیی کە میتۆدە رەخنەییە نوێ و هاوچەرخەکان، کە لەڕووی سەردەمی سەرهەڵدانییانەوە جیاوازن و لە پۆلینکردندا دەکەونە نێو دوو گروپی جیاوازەوە، وەك:

- میتۆدە رەخنەییە نوێیەکان: (بونیادگەری فۆرمالیزمی، شێوازگەری).
- میتۆدە رەخنەییە هاوچەرخەکان، یان میتۆدە رەخنەییەکانی پاش بونیادگەری: (سیمیۆلۆژیا، هەڵوەشاندنەوەگەرایی).

توێژەر زاراوەی (رەخنەی ئەدەبی نوێ)ی بەکارهێناوە، لەکاتێکدا دەکرا لەجیاتی ئەمە (زمانی شیعری و میتۆدە نوێیەکانی رەخنە)ی بەکاربهێنایە، چونکە لە بنەڕەتدا لە تێڕوانینی ئەم میتۆدانەوە سەر و سەودای لەگەڵ زمانی شیعریدا کردووە. ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك:

- دەربڕینی (رەخنەی ئەدەبی نوێ) چەمك و مانایەکی فراوانی هەیە و دەشێ یەکێك لە ماناکانی بۆ ئەو رەخنەیە بەکاربهێنرێت کە لە بارودۆخ و سەردەمێکی دیاریکراوی مێژووی پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبی و گۆڕانکارییەکانیدا سەریهەڵداوە، بەتایبەت دوای پوکانەوەی رێبازی ئەدەبی کلاسیزم و بنەما رەخنەییەکانی ئەم رێبازە ئەدەبییە و سەرهەڵدانی رێبازی رۆمانسیزم لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا. ئیدی رەخنەی ئەدەبیش هەنگاوی بەرەو نوێبوونەوە نا و لە قاوغی رەخنەی کۆن و کلاسیزم دەرچوو. کەوایە ئەم زاراوەیە هاودژە لەگەڵ رەخنەی کۆن.

- رەخنەی ئەدەبی نوێش بە چەندین سەردەم و گۆڕانکاری ریشەییدا گوزەریکردووە و لە هەر گۆڕانکارییەکیشدا بەجۆرێك خۆی نواندووە. بۆیە راستەوخۆ بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە ناونیشاندا رەنگبێت خوێنەر تووشی جۆرێك لە وەستان و بیرکردنەوە دەکات و رەنگبێت بپرسێت کام رەخنەی نوێ؟ هی کام سەردەم؟ کام جۆری رەخنەی نوێ؟ هی کام رەخنەگری رەخنەی نوێ؟

ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی نامەکە بکەین، دەبینین لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێك میتۆدی رەخنەیی نوێ و هاوچەرخ بەکارهاتوون، کە رەنگبێت ئەمە بەشێکی زۆر لە تەم و مژی سەر ئەم ناونیشانە لابدات و ئەمە لای خوێنەر روونبێت کە توێژەر مەبەستی لە رەخنەی ئەدەبی نوێ هەر ئەو میتۆدە رەخنەییانەن کە بەکاریهێناون، بەڵام رووکەشانە ئەم ناونیشانە وێنایەکی روون لای خوێنەر دروستناکات، هەتا شۆڕنەبێتەوە بۆ نێو قوڵایی نامەکە و بەش و تەوەرەکانی.

**2_2: ئامانجەکانی توێژینەوە:**

توێژەر لەم ماستەرنامەیەدا بە ئاشکرا ئامانجەکانی توێژینەوەکەی نەخستۆتەڕوو، بەڵام دەکرێ لە میانی دوو تەوەرەی پێشەکیدا بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاشنابین، کە بریتیین لە:

- ناونیشانی توێژینەوە
- هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە (ئیبراهیم، 2009، 1).

ئەوەی لەم دوو تەوەرەی پێشەکیدا زیاتر ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەمان بۆ روونەکاتەوە بریتییە لەوەی کە توێژەر ئامانجێکی گشتی دیاریکردووە چ لە ناونیشانی ماستەرنامەکەیدا، یان لە هۆیەکانی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکەی (ماستەرنامەکەی). ئەم ئامانجە گشتییەش مۆرکێکی فۆرمخوازی هەیە. ئامانجی توێژەر ئەوەیە کە لە زمانی شیعری لە روانگەی میتۆدە رەخنەییە نوێیەکانەوە بکۆڵێتەوە، بەمەش جەختی لە رەگەزێکی گرنگی شیعری کردۆتەوە کە (زمان)ە و وەك رەگەز و تەکنیکێکی گرنگی شیعری کە رۆڵێکی سەرەکی و گرنگی لە بونیادی شیعریدا هەیە. توێژەر ئامانجییەتی گرنگی و پێگە و رۆڵ و ئەرکی و سروشت و تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعری شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر بخاتەڕوو.

توێژەر هەر زوو گۆشەنیگای چارەسەری بابەتەکەی روونکردۆتەوە، لەمبارەیەوە لە هۆیەکانی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەدا خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە زمانی شیعری باسێکی گرنگی رەخنەی ئەدەبییە و بەڵام تا ئێستا لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا کاری گشتگیر و هەمەلایەنی لەسەر نەکراوە. لەلایەکی ترەوە، توێژەر پێیوایە رەخنەی ئەدەبی کوردی لە هەمبەر توێژینەوەی شیعردا رەخنەیەکی تاکگەرایی و کاریگەرییە دەروونی و خودییەکانی بەسەردا زاڵە و رەخنەیەکی زانستییانە نییەن کە پشتی بە میتۆدبەندی بەستبێ و کاری لەسەر وێستگە و جومگە جیاوازەکانی شیعری کوردی کردبێت، بەتایبەتیش شیعری هاوچەرخ لە رووی (فۆرم و زمان)ەوە کە ئەزموونێکی نوێ بووە و تەواو گۆڕانکاری بە ئەزموونەکەوە دیارە (ئیبراهیم، 2009، 1). ئەم بڕیارەی توێژەر تا رادەیەکی زۆر لە جێی خۆیەتی و رەخنەی ئەدەبی کوردی سەبارەت بە ئەزموونی شیعری هاوچەرخ و زمانی شیعری هاوچەرخ زیاتر رەخنەیەکی دەرەکی بووە، وەك لەوەی رەخنەیەکی ناوەکی دامەزرا و لەسەر میتۆدبەندی نوێ و هاوچەرخ بێت. بۆیە دەبینین توێژەر گۆشەنیگای چارەسەری زمانی شیعری هاوچەرخی کوردی لە رەخنەیەکی دەرەکی و کاریگەر بە سەرنج و تێبینییە خودی و کەسی و دەروونییەکانەوە گواستۆتەوە بۆ رەخنەیەکی ناوەکی پشت ئەستور بە سیماکانی (وەسف و شیکردنەوە). بۆ ئەم مەبەستەش میتۆدە رەخنەییە نوێیەکانی کردۆتە وەسیلەی شیکردنەوە و وەسفکردنی زمانی شیعری هاوچەرخی کوردی و بەمەش هەنگاوی بەرەو رەخنەیەکی زانستی ناوە، کە پشت ئەستوورە بە میتۆدبەندییەتی رەخنەی نوێ و هاوچەرخ. لەلایەکی ترەوە، کاتێك توێژەر دەڵێت: ((رەخنەی ئەدەبی رەخنەیەکی تاکگەراییە و کاریگەرییە دەروونی و خودییەکانی بەسەردا زاڵن))(ئیبراهیم، 2009، 1). بڕیاردانی ئاوا پێویستی بە سەلماندنە، بەڵام لەنێو مەتنی نامەکەیدا بە هیچ شێوەیەك ئەمەی نەسەلماندووە کە ئەم رەخنەیە لە کوێ و چۆن و بۆچی رەخنەیەکی تاکگەراییە و کاریگەرییە دەروونییەکانی بەسەردا زاڵن.

**3_2: سەرچاوەی پشتپێبەستراو:**

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا و بۆ خستنەڕووی زمانی شیعری لە روانگەی رەخنەی ئەدەبی نوێ و بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی پشتی بە کۆمەڵێك سەرچاوەی جیاواز و جۆراوجۆر بەستووە، کە بەشێکیان پێوەندی راستەوخۆیان بە بابەت و ئاریشە و ئامانجی ناونیشانی ماستەرنامەکەیەوە هەیە و بەشێکی تریشیان ناڕاستەوخۆ پێوەندییان پێیەوە هەیە و وەك سەرچاوەی یارمەتیدەر لە روونکردنەوەی هەندێك چەمك و بۆچوون و بابەت و پرۆسەی پراکتیکیدا سوودیان لێوەرگیراوە. لە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی ئەم ماستەرنامەیەدا چەند راستییەك دەردەکەوێت، لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینەڕوو:


1- توێژەر نزیکەی (143) سەرچاوەی جیاواز و جۆراوجۆری بەکارهێناوە، کە سەر بە بواری جیاوازن و هەموویان راستەوخۆ ناکەونە نێو چوارچێوەی رەخنەی ئەدەبی و میتۆدە رەخنەییە نوێ و هاوچەرخەکانەوە. ئەم سەرچاوانە سەر بە بوارەکانی (رەخنەی ئەدەبی

کۆن و نوێ، میتۆدی رەخنەیی، تیۆری ئەدەبی، مێژووی ئەدەب، زمانەوانی، فیکری، توێژینەوەی ئەدەبی، فەرهەنگی، رەوانبێژی، دەقناسی و ... هتد)یین. ئەوەی وایکردووە توێژەر روو لەم سەرچاوە جیاوازانەی سەر بە بوارە جۆراوجۆرەکان بکات چەند لایەنێکە:

_ یەکێکیان پێوەندی بە خودی ناونیشانی سەرەکی نامەکەوە هەیە کە دوو بەشە، بەشە سەرەکییەکەیان تایبەتە بە (زمانی شیعری)، و ئەوی تریان تایبەتە بە (رەخنەی ئەدەبی نوێ)وە. ئەم دوو لایەنە ئەگەرچی پێوەندیشیان بە یەکەوە هەیە، کەچی مەسەلەی پێویستیبوونی پشتبەستن و بەکارهێنانی سەرچاوەی جۆراوجۆر دێننە پێشەوە. هەر یەکێ لەم دوو بابەتە جۆرێك لە سەرچاوە بەسەر توێژەردا دەسەپێنن بۆ روونکردنەوەی سروشت و تایبەتمەندی و لایەنە جیاوازەکانییانەوە,

_ یەکێکی تریان، سروشتی بابەتی توێژینەوەکەیە کە راستەوخۆ باسی زمانی شیعریە لە روانگەی میتۆدە رەخنەییە نوێیەکانەوە. ئەمە جگە لەوەی کە یەك میتۆدی رەخنەیی وەرنەگیراوە بگرە لەجیاتی ئەمە (رەخنەی ئەدەبی نوێ) بەکارهاتووە کە چەندین تیۆر و میتۆدی رەخنەیی جیاواز دەگرێتەوە. لەلایەکی تریشەوە، ناونیشانی لاوەکی یان تەواوکەری توێژینەوەکە کە تایبەتە بە (ئەزموونی شیعری شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر). هەندێك تەوەر و بابەتی تر بەسەر توێژەردا دەسەپێنێت، کە پێویستییان بە سەرچاوەی تری دوور لە بواری توێژینەوە هەیە.

_ ئەوی تریان، پێوەندی بە سروشت و جۆری میتۆدە رەخنەییە نوێیەکانەوە هەیە، کە ئاراستەی توێژینەوەکانیان رووی لە خودی تێکستی ئەدەبییە و کار لەنێو زمان و بونیاد و رەگەز و تەکنیکەکانی تێکستی ئەدەبی دەکەن و لەم پێناوەشدا زمان وەك کەرەستە و رەگەز و تەکنیکێکی سەرەکی بەکاردێنن و پشت بە زانیارییە زمانی و میتۆد و تیۆر و رێبازە زمانەوانییەکان دەبەستن بەهۆیانەوە و مەرام و ئامانجە میتۆدبەندییەکانیان دێننەدی.




هەر یەکێك لەم بابەتانە ئەو سەرچاوانە بەسەر توێژەردا دەسەپێنێت کە راستەوخۆ خزمەت بە بوارەکەی خۆی دەکات، بەمەش جۆراوجۆری لە بوونی سەرچاوە و بواری سەرچاوەکاندا بەدیدەکرێت و رێگە لە توێژەر دەگرێت تەنیا سەرچاوەی یەك بابەت و بوار بەکاربێنێت.

ئەمەش وادەکات خوێنەر یان رەخنەگری رەخنە نەتوانێت بە ئاسانی لە رێی سەرچاوەکانەوە میتۆدبەندی و میتۆدی رەخنەیی ئەم ماستەرنامەیە دیاریبکات.

2- میتۆدبەندی توێژینەوە و سەرچاوە بەکارهاتووەکان: دەشێ لەمیانی وردبوونەوە لەو سەرچاوانەی لە توێژینەوەیەکدا بەکاردێن، ئاراستە و تێروانینی رەخنەیی توێژینەوەکە دیاریبکەین هەتا ئەگەر توێژەرەکە راستەوخۆش ئاماژەی بە میتۆدی رەخنەیی توێژینەوەکەی نەکردبێت. لەم روانگەیەشەوە هەوڵدەدەین لە چەند روانگەیەکی جیاوازدا سروشتی سەرچاوە بەکارهاتووەکان لەم ماستەرنامەیەدا بخەینەڕوو:

_ هەندێك جار ئەو سەرچاوانەی بە زمانە بێگانەکان بەگشتی و زمانە ئەوروپییەکان بەتایبەتی نووسراون، تێروانینی رەخنەیی و زەمینەی میتۆدبەندی دیاریدەکەن. ئەگەر لە سەرچاوەکانی ئەم ماستەرنامەیە وردبینەوە دەبینین لە کۆی (143) نزیکەی (23) سەرچاوەیان بە زمانە ئەوروپییەکان نووسراون و وەرگێردراونەتە سەر زمانی عەرەبی و فارسی و سەر بە بواری جیاوازن، لەمانەش: (ژانری ئەدەبی، رەخنەی ئەدەبی، توێژینەوەی ئەدەبی، تیۆر ئەدەبی، زمانەوانی، فەلسەفی، فیکری، فەرهەنگی، دەروونی، دەقناسی). ئەم سەرچاوانە راستەوخۆ خزمەت بە مەسەلەی دیاریکردنی چوارچێوە و زەمینەی میتۆدبەندی لە توێژینەوەکەدا ناکەن و ئەستەمە خوێنەر و رەخنەگر بتوانن بەهۆیانەوە تێروانینی میتۆدبەندی و گۆشەنیگای چارەسەری ئاریشەی بابەتەکە درکپێبکەن. توێژەر هەوڵینەداوە راستەوخۆ سوود لەو سەرچاوانە ببینێت کە بە زمانە بێگانەکان نووسراون و پێوەندییان بە بابەت و ئاریشە و گرفتی نامەکەیەوە هەیە و خزمەت بە هەنگاوە رەخنەییە پراکتیکییەکانی نێو نامەکەی دەکەن. کەواتە ئەو سەرچاوانەی بەزمانە ئەوروپییەکان نووسراون جیهانبینییەکی روون و وردی میتۆدبەندی لەم ماستەرنامەیەدا ناخەنەڕوو.

_ توێژەر ژمارەیەکی کەم لەو سەرچاوانەی بەکارهێناوە کە راستەوخۆ تێڕوانینی میتۆدبەندییانەی لێبێتەدی، بەتایبەت ئەوەی پێوەندی راستەوخۆی بە گۆشەنیگای چارەسەری تێکستە شیعرییەکانەوە هەیە، جگە لە (7) سەرچاوە نەبێت کە بە زمانە ئەوروپییەکان نووسراون و دەشێ تارادەیەک جۆرێک لە تێڕوانینی میتۆدبەندییان لێبێتەدی و بریتین لەمانەی خوارەوە:

| ژ | ناوی نووسەر | ژمارەی سەرچاوەکانی |
|---|---|---|
| 1 | رولان بارت، مبادئ في علم الدلالة | 1 |
| 2 | ترنس هوكنز، البنيوية وعلم الاشارة | 1 |
| 3 | ليونارد جاكسون، بؤس البنيوية | 1 |
| 4 | مارغوت هاينمان، فولفغنغ هاينمان، لسانيات النص | 1 |
| 5 | پی یر گیرو، نشانە شناسی | 1 |
| 6 | جون ستروك، البنيوية ومابعدها | 1 |
| 7 | جورج مولينيه، الاسلوبية | 1 |

بەڵام بەکارهێنانی ئەم سەرچاوانەش لە سیاقی لابەلا و لە هەندێك شوێنی توێژینەوەکە تەنیا بۆ سەلماندنی هەندێك بۆچوونی توێژەر بەکارهێنراوە و بۆ مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکە (چ لە ئاستی تیۆری و چ لە ئاستی پراکتیک) و خزمەتکردنی ئامانجەکانی توێژینەوە سوودێکی ئەوتۆی نەبووە. بۆ نموونە کتێبەکەی (جۆرج مۆلینیێ) لەبارەی (شێوازگەری)یەوەیە، کەچی توێژەر لە بابەتی ناساندنی میتۆدی رەخنەی شێوازگەری و پێکهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی شێوازگەرییەوە بە هیچ شێوەیەک ئەم سەرچاوەیەی بەکارنەهێناوە، کەچی لە باسی زمانی شیعری لە روانگەی رەخنەی سیمیۆلۆژیادا بۆ روونکردنەوەی بۆچوونێکی خۆی سەرچاوەی ناوبراوی بەکارهێناوە.

_ ئەو سەرچاوانەی کە بە زمانە ئەوروپییەکان نین و سەرچاوەی لاوەکین و لەبارەی مێژووی میتۆدەکان و ناساندنیانەوە، یان لەبارەی میتۆدێکی رەخنەیی دیاریکراوەوە نووسراون و بەشێوەیەکی گشتی زانیارییان لەبارەی میتۆدەکانەوە هەیە، ژمارەیان نزیکەی (31) سەرچاوەیە و دابەشبوون بەسەر دوو یان سێ گروپ سەرچاوەوە:

1_ بەشێکیان بەگشتی باسی میتۆدە رەخنەییەکان دەکەن.

2_ بەشێکیان تایبەتن بە میتۆدێك یان دوو میتۆدی رەخنەیی.

3_ بەشێکیان تایبەتن بە بواری زانستی تێکست و شیکردنەوەی تێکست و بنەما و میتۆدەکانی شیکردنەوەی تێکست.

_ توێژەر نزیکەی (27) سەرچاوەی تایبەت بە زمانەوانی و بوار و ئاستە جیاوازەکانی زمان بەکارهێناوە، ئەمەش لەلایەکەوە، ئاماژەیەکە کە توێژەر هەوڵیداوە هاوکێشەی (ئەدەب/ رەخنەی ئەدەبی + زمانەوانی) بخزێنێتە نێو توێژینەوەکەی، و لەلایەکی ترەوە، ئاماژەیە بۆ جۆری خوێندنەوە رەخنەییەکەی توێژەر و ئەو گۆشەنیگایەی لێیەوە سەیری تێکستە شیعرییەکان دەکات لە ئاستی پراکتیکدا. ئەم خوێندنەوەیەش لەسەر بنەمای میتۆدە رەخنەییە نوێ و هاوچەرخەکانە.

_ رێژەی سودوەرگرتن لە سەرچاوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە و زۆرترین رێژەی بەکارهێنان لەو سەرچاوانەیە کە دەچنە خانەی رەخنەی ئەدەبییەوە:

| ژ | سەرچاوە | بەکارهێنان |
|---|---|---|
| 1 | جان كوهين، بنية اللغة الشعرية | 10 |
| 2 | د. محمد شبل الكومي، المذاهب النقدية الحديثة | 9 |
| 3 | د. ابراهيم خليل، في النقد والنقد الالسني | 9 |
| 4 | د. عبدالله محمد الغزامي، الخطيئة والتكفير | 9 |
| 5 | د. يوسف وغليسى، اشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي | 6 |
| 6 | رينيه ويليك و اوستن وارن، نظرية الادب | 4 |
| 7 | د. عبدالعزيز الموافى، الرؤية والعبارة | 4 |
| 8 | محمد عبدالمطلب، ذاكرة النقد الادبي | 4 |
| 9 | راجر فالر و سايرين، | 3 |
| 10 | د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة و تطبيق) | 3 |
| 11 | عبدالخالق يەعقوبی، رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی | 3 |

سەرچاوەکانی تریش دوو یان یەك جار بەکارهێنراون. ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە بواری رەخنەی ئەدەبی بەگشتی و رەخنەی نوێ بەتایبەتی باڵی بەسەر ماستەرنامەکەدا کێشاوە لە رێی سەرچاوەکانی تایبەت بەم بوراەوە، ماستەرنامەکە خۆشی هەر سەر بەم بوارەیە.

_ پێویستیبوونی میتۆدبەندییانە و بەشێك لە تەوەر و بابەتەکانی ئێو توێژینەوەکە وایکردووە توێژەر پشت بە هەندێك سەرچاوە ببەستێت کە لە دەرەوەی بواری ئەدەب و رەخنە و میتۆدی رەخنەییەوەن. بۆ نموونە هەندێک لە سەرچاوەکان سەر بە بواری (زمانەوانی) یان (فەلسەفی) یان (دەروونی)ن.

_ توێژەر کاتێك بۆچوونی یەکێك لە رابەرانی رەخنەی نوێ و هاوچەرخی وەرگرتبێت، راستەوخۆ بۆ سەرچاوەکانی ئەوان نەگەڕاوەتەوە، بەڵکو لە سەرچاوەی لاوەکی ترەوە وەریگرتوون، بۆ نموونە، بڕوانە لاپەڕەکانی (5/ 20- 21/ 23- 25/ 30 – 31/ 32/ 33/ 34/ 37- 43/ 49- 55/ ... هتد).

3- زۆربەی بەکارهێنانەکانی سەرچاوەکان و زانیارییەکان لەگەڵ پێویستییەکانی توێژینەوەکە و مەتنی ماستەرنامەکادا دەگونجێن و خزمەت بە سیاقی شوێنی بەکارهاتنیان و بۆچوونی توێژەر و بابەتەکان دەکەن و مەبەست و بۆچوونی توێژەر زیاتر روونددەکەنەوە.

4- سەرچاوە هەیە توێژەر لە مەتنی نامەکەیدا بەکاریهێناوە، کەچی لە لیستی سەرچاوەکاندا بوونی نییە، بۆ نموونە کتێبەکەی (جۆرج مۆلینیێ) بەناوی (شێوازگەری) لەنیو مەتنی نامەکەدا بەکارهێنراوە و لەلیستی سەرچاوەکان ئاماژەی پێنەکراوە. سەرچاوەش هەیە توێژەر تەنیا لە پەراوێزدا ئاماژەی بۆ کردووە کە بۆ زیاتر روونکردنەوەی بۆچوونیک خوێنەر بگەڕێتەوە سەری، کەچی لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەی بۆ نەکردووە، بۆ نموونە (العلامة تفتازاني، مطول على التلخيص).

بەشێوەیەکی گشتی لەم ماستەرنامەیەدا سەرچاوەکان راستەوخۆ تێڕوانین و گۆشەنیگای رەخنەیی و میتۆدبەندی ورد و قوڵ و دیاریکراو و راستەوخۆ دیارنیاکەن، دەشێ بڵێین ئەگەر لە لیستی سەرچاوەکان وردبینەوە، نزیکەی (18) سەرچاوە چوارچێوە و ئاراستە گشتییەکەی میتۆدبەندی توێژینەوەکە و تێڕوانینی رەخنەیی و گۆشەنیگای چارەسەری تێکستە شیعرییەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشاندەدەن و ئەوە دەسەلمێنن کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا و لە پرۆسە رەخنەییە پراکتیکییەکەیدا پشتی بە گۆشەنیگای رەخنەی نوێ و هاوچەرخ بەستووەن، بەڵام چ جۆرێک و چەند و چۆن؟ ئەم ئاماژانە بە روونی نادەنە دەستی خوێنەر و رەخنەگر، هەتا بە وردی شۆڕنەبێتەوە بۆ نێو هەناوی ماستەرنامەکە.

**2_4: کەرەستەی لێتوێژراو (مەتنی لێتوێژراو):**

توێژەری ئەم ماستەرنامەیە تێکستی شیعری شاعیرانی هەشتاکانی شاری هەولێری بەنموونە وەرگرتووە، ئەگەر سەرنجێك لە ناونیشان و پێشەکی و بەشە پراکتیکییەکەی ماستەرنامەکە بدەین ئەوا توێژەر (ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر بەنموونە) وەرگرتووە. ئەمەش ئاماژەیەکی راستەوخۆ و دیاریکراوە بەو کەرەستە و مەتنەی بە پرۆسەی رەخنەگرتندا تێپەڕبووە. تا ئێرە مەسەلەکە روونە و خوێنەر یان رەخنەگری رەخنە هەر زوو دەزانێت ئەو کەرەستەیەی توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت چییە و چۆنە و سروشت و تایبەتمەندییەکانی چین و چۆنن و ئەم کەرەستەیە دەکەوێتە کام قۆناغ و سەردەمی مێژووی پەرەسەندنی شیعری کوردییەوە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و تێبینییە بریتییە لە بەرتەسکی کەرەستە یان مەتنی لێتوێژراو کە لەگەڵ بڕگەی دووەمی ناونیشانەکە ناگونجێت کاتێك توێژەر لە ناونیشان و پێشەکی توێژینەوەکەیدا ئاماژە بە (ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر بەنموونە) دەکات، ئەم بڕگەیەی ناونیشانەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە توێژەر شیعری هەموو شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر، یان هەر هیچ نەبێت شیعری زۆربەیان یان، لە هەر شاعیرێك شیعرێکی بەنموونە وەرگرتووە و بەگوێرەی میتۆدە رەخنەییە نوێ و هاوچەرخەکان لێیکۆڵیوونەتەوە. کەچی ئەگەر سەیرێکی پێشەکی لە خستنەڕووی (پرۆگرامی توێژینەوەکە) (ئیبراهیم، 2009، 2) و بەشی سێیەمی توێژینەوەکە (ئیبراهیم، 2009، 110) بکەین، دەبینین توێژەر ئاماژەی بەوە داوە کە لە بەشە پراکتیکییەکەیدا تەنیا دوو تێکستی شیعری بەنموونە وەرگرتووە، کە ئەمانەن:

- پەشیمانی، ئەنوەر مەسیفی (ئیبراهیم، 2009، 111- 119)

- (.......)، فەرید زامدار (ئیبراهیم، 2009، 120- 135)

توێژەر هۆکاری هەڵبژاردنی تەنیا ئەم دوو شیعرەی ئەو دوو شاعیرە بۆ مەسەلەی ((درێژدادڕی نەکردن لە پراکتیکەکەدا))(ئیبراهیم، 2009، 110) دەگەڕێنێتەوە، گوایە نایەوێ درێژدادڕی بکات. دەکرێت بڵێین ئەمە بەهیچ شێوەیەك پاساوێکی زانستییانە و بابەتییانە نییە بۆ ئەم بەرتەسکییەی مەتنی لێتوێژراو کە لەگەڵ ئامانجی ناونیشانی ماستەرنامەکەدا یەکترناگرنەوە، چونکە لێرەدا کێشەیەکی رەخنەیی گەوهەری سەرهەڵدەدات و توێژەری ئەو نامەیە دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی زانستییەوە و چەندین پرسیاری گەوهەری دێتەپێشەوە و خۆیان بەسەر ئەمری واقیعدا فەرزدەکەن، بۆ نموونە؛ دەشێ بپرسین، بۆچی هەر لە ناونیشانی

توێژینەوەکەوە ئاماژە بەوە نەدەکرا کە تەنیا دوو تێکستی شیعری بەنموونە وەردەگرێت؟ بۆچی لەمر هەموو خەرمانە دەوڵەمەندی شیعری هەشتاکانی هەولێر تەنیا ئەمر دوو شیعرەی بەنموونە وەرگرتووە؟ ئایا تەنیا ئەمر دوو شیعرە دەتوانن هەموو ئەزموونی شیعری شاعیرانی هەشتاکانی هەولێرمان پشانبدەن؟ لەکاتێکدا هەر شاعیرێکی ئەمر ماوە دیاریکراوە لەڕووی شێواز و زمانی شیعری و بونیادی زمانییەوە جیاوازن لەگەڵ یەکتری. ئەی ئەزموونی شیعری شاعیرەکانی تر چی؟ لەکاتێکدا ئەمر ماوەیە جگە لەمر دوو شاعیرە شاعیرانی تری وەك (دلشاد عبدالله، سەباح رەنجدەر، کەریم دەشتی، جەلال بەرزنجی، عەباس عبدالله یوسف، نەوزاد رەفعەت، هاشم سەراج، ... هتد) شیعریان هەیە و ئەزموونی شیعری ئەمر شاعیرانە جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. وەڵامی ئەمر پرسیارانە لە دووتوێی ئەمر ماستەرنامەیەدا بوونی نییە و توێژەر ئەوەی ڕوونەکردۆتەوە بۆچی بەتەواوی ئەمر دوو تێکستەی هەڵبژاردووە. ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بیڵێین ئەوەیە کە شیکردنەوە و توێژینەوەی تەنیا ئەمر دوو تێکستە شیعرییەی ئەمر دوو شاعیرە نەك هەر ناتوانن ئەزموونی شیعری هەموو شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر بخەنەڕوو، بگرە ناتوانن تێکڕای ئەزموونی شیعری هەردوو شاعیرەکەش بخەنەڕوو، چونکە دواجار شاعیریش (ئەگەرچی لە شێوازە گشتییەکەیدا لەسەر هەمان ڕێچکە بڕوات، کەچی لە شێوازە تایبەتییەکەی خۆیدا بەردەوامر نوێبوونەوە ئەنجامدەدات) لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکی تری و لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر و لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر و لە ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینییەکەوە بۆ ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینییەکی تر شێواز و زمانی شیعرەکانی گۆڕانکاری بەسەردا دێت و دەکرێت ئەزموونی شیعری لە تێکستێکەوە بۆ تێکستێکی تر جیاوازبێت. بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە رەنگبێت ئەمر دوو شیعرە ئەزموونی شیعری ئەمر دوو شاعیرە، یان ئەزموونی شیعری ئەمر دوو شاعیرە لەمر دوو شیعرەدا، یان ئەزموونی گشتی و شێوازی گشتی و شێوازی سەردەمی شیعری هەشتاکانی هەولێر بخەنەڕوو نەك هەموو شاعیرەکان و ئەزموون و شێوازە شیعریەکانیان بە وردی. کەواتە، ئەو مەتنەی کە کاری لەسەر کراوە، مەتنێکی هەڵبژاردەییە لە ئەزموونی دوو شاعیردا، چونکە مەتنێکە هەڵبژێردراوە، یان شێوەی سامپڵی هەڕەمەکی لە هەڵبژاردنی کەرەستەی توێژینەوەدا بەکارهاتووە، بەمانایەکی تر، لەکۆی ئەو هەموو تێکستە شیعرییەی لە ماوەی ئاماژە بۆ کراودا هەیە، تەنیا دوو تێکستی شیعری هەڵبژێردراوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

لەلایەکی ترەوە، توێژینەوە لەو مەتنە توێژینەوەیەکی فۆرمخوازییە و توێژەر کاری لەنێو هەناوی تێکستە شیعرییەکاندا کردووە و خۆی لە توێژینەوەی دەرەکی تێکستە شیعرییەکان بەدوورگرتووە، بەمەش دەتوانین بڵێین کە ئەو کەرەستەی کە بە نموونە وەرگیراوە بەگوێرەی ئامانجی توێژینەوەکە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. هەڵبەت سروشت و تایبەتمەندی و شێواز و جۆری ئەو کەرەستەش کە بۆ پرۆسەی رەخنە پراکتیکییەکە هەڵبژێردراوە، هەمر لەگەڵ ناونیشانی ماستەرنامەکە و هەمر لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە و هەمر لەگەڵ میکانیزمر و ڕێکاری و هەنگاوە رەخنەییە کردەییەکانی ئەو میتۆدە رەخنەییانەش دەگونجێن کە بەسەریاندا پراکتیزەکراون. رەنگبێت زۆرێك لەو داخوازی و تەکنیك و دیاردە شیعرییانەی کە توێژەر لەمیانی پراکتیزەکردنی میتۆدە رەخنەییەکان بەسەر ئەمر دوو تێکستەدا بەدوایاندا دەگەڕێت لە خودی ئەمر تێکستانەدا بەدیکردبن بۆیەشە پەنای بۆ بردوون. توێژینەوەی ناوەوەی کەرەستەکان وایانکردووە کە بارودۆخێکی تایبەتیان هەبێت و پێویستییان بە شێواز و میکانیزمر و هەنگاوی پراکتیکی وا هەبێت کە بنچینەکەی لە زمانەوانی و رەخنەی نوێ و چاوچەرخەوە وەرگیراوە.

لە بەشی دووەمی ئەمر ماستەرنامەیەدا، کەرەستەی لێتوێژراوی تر دەبینرێت کە توێژەر بە نموونە هێناونییەتەوە، ئەمەش بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو چەمک و دیاردانەی کە بەشێوەی تیۆری باسیکردوون دواتر هاتووە بە نموونە زیاتر ڕوونیکردوونەتەوە. ئەمر کەرەستانەش دوو جۆرن:

_ (جۆرێکیان زمانین و سەر بە ئاستە زمانییەکانن) و یان لە کتیبە زمانییەکان دەریهێناون یان بۆخۆی نموونەی بۆ هێناونەتەوە و ڕوونیکردوونەتەوە.

_ (جۆرەکەی تریان)، تێکستی شیعرین و بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک دیاردە و رەگەز و تەکنیک لە دیوانی شیعری شاعیران کە زیاتر هی شاعیرانی ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەیە وەریگرتوون و ڕوونکردنەوەی لەسەر داون.


بەگشتی ئەمر کەرەستانە (ئەگەرچی بۆ مەسەلەی پراکتیکیش بن) تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی ئاستە زمانییەکان و کەرەستە پێکهێنەرەکانیان، یان رەگەز و دیاردە و تەکنیکیکی شیعری بەکارهێنراون و مەبەست و ئامانجی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی بەشەکی ڕووندەکەنەوە، نەک بە گشتی، چونکە لە بنەڕەتدا ئامانجەکە بریتییە لە توێژینەوەیەکی سەراپاگیری بۆ زمانی شیعری و دەبێت سەرلەبەری میکانیزمر و هەنگاوە پراکتیکییەکان بەسەر دەقێکی تەواودا پراکتیکبکرێن.

**2_5: چوارچێوەی میتۆدبەندی توێژینەوە و هۆشیاری پراکتیزەکردن:**

ئەگەر سەیرێکی ناونیشانی ئەم ماستەرنامەیە بکەین ئەوا هەر زوو چوارچێوەی میتۆدبەندی ئەم توێژینەوەیەمان بۆ دەردەکەوێت و ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە چوارچێوە میتۆدبەندییەکەی بریتییە لە (ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ) کە وەك ئاماژەمانپێیدا ئەمە جۆرێك لە لێڵی و تەم ومژی هەڵدەگرێت و ئاماژەدانێکی ڕاستەوخۆ نییە بۆ میتۆدی ڕەخنەیی توێژینەوەکە. کەواتە لە ناونیشانی سەرەکی ماستەرنامەکەدا سەرەداوێکمان لەبارەی جۆر و سروشت و شێواز و چوارچێوەی گشتی ئەو پرۆسە ڕەخنەییەی کە پشتی پێبەستراوە دەستدەکەوێت، بەڵام ئەمە بەس نییە بۆئەوەی بەتەواوی میتۆدی ڕەخنەیی ئەم توێژینەوەیە بزانین.

لە پێشەکی ماستەرنامەکە و لەژێر بابەتی (ناونیشانی نامەکە)دا، ئاماژەیەکی تر لەبارەی میتۆدی ڕەخنەیی توێژینەوەکە هەیە و توێژەر دەڵێت: ((ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ میتۆدی زانستی بەکاردەهێنن بۆ لێدوان لەبارەی شیعر و زمانەکەیەوە، بەمەش ڕەخنە لە هەڵسەنگاندنی نازانستی دووردەکەوێتەوە))(ئیبراهیم، 2009، 1). لێرەدا توێژەر زاراوەی (ڕێباز) و (میتۆد)ی تێکەڵکردووە، چونکە ڕێباز بۆ مەبەستی تر بەکاردەهێنرێت و گونجاوترە بگوترێت میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ. ئەم دەربڕینە ئاماژەیەکی ترە بۆ میتۆدی ڕەخنەیی توێژینەوەکە بێ ئەوەی پێمانبڵێت کام میتۆدی ڕەخنەییە.


هەر لە پێشەکی ماستەرنامەکە، دیسانەوە لەبارەی دیاریکردنی میتۆدی ڕەخنەیی تووشی ئاستەنگ دەبین، چونکە وەك هەمیشە ئەم ماستەرنامەیەش وەك زۆرێك لە توێژینەوەکانی تر لە پێشەکیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە هیچ میتۆدێکی ڕەخنەیی نەداوە، لەبریتی ئەمە ئاماژەی بە (ڕێبازی توێژینەوە) داوە و هەر لەوێش سەرەداوێکی ترمان لەبارەی میتۆدی ڕەخنەیی ئەم ماستەرنامەیە دەستدەکەوێت. توێژەر دەڵێت: ((لەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە بنیادەوە هەیە وەك بنیادگەری و شێوازگەری، ڕێبازی وەسفی بەکارهاتووە. لەو بابەتانەش کە پەیوەندییان بە واتاوە هەیە وەك سیمیۆلۆژیا و هەڵوەشاندنەوە، ڕێبازی ئەرکی بەکارهاتووە))(ئیبراهیم، 2009، 1).




توێژەر جیاوازی لەنێوان ڕێبازی توێژینەوە و میتۆدی ڕەخنەییدا نەکردووە، لەکاتێکدا سروشت و چەمکی ئەم دوو زاراوەیە جیاوازن و هەر لە ڕێبازی توێژینەوەدا ئاماژەیەك بۆ میتۆدی ڕەخنەیی توێژینەوەکەی دەکات کە ئەمە کارێکی گونجاو نییە. لەلایەکی ترەوە شێوازی دەربڕینەکە جۆرێك لە نارێکی تێدایە، چونکە نە بونیادگەری و شێوازگەری و نە سیمیۆلۆژیا و هەڵوەشاندنەوەگەرایی بابەت نین بەڵکو میتۆدی ڕەخنەییین و مەسەلەی بونیادی تێکست تەنیا پەیوەست نییە بە بونیادگەری و شێوازگەرییەوە، بەڵکو لە مەسەلەی دۆزینەوەی واتاشدا میتۆدەکانی سیمیۆلۆژیا و هەڵوەشاندنەوەگەرایی پێویستیان بە بونیادی تێکست هەیە. لەلایەکی ترەوە توێژەر ئاماژە بەوە دەکات کە (ڕێبازی وەسفی ئەرکی) بەکارهێناوە و ئاماژەی بەوە نەداوە ئەم ڕێبازەی لە کوێ هێناوە، لەکاتێکدا لەنێو ڕێبازەکانی توێژینەوەی ئەدەبدا هیچ ڕێبازێك بەم ناوە بوونی نییە، دواتریش ئەمانە لەڕووی میتۆدبەندییەوە میتۆدی ڕەخنەیی ماستەرنامەکە دیارناکەن، بەڵکو گرفت بۆ مەسەلەی میتۆدبەندی دروستدەکەن. ئەمە جگە لەوەی کە (وەسفی) سیمایەکی هەرە دیاری میتۆدە ڕەخنەییە نوێ و هاوچەرخەکانیشە، مانای وایە وەسفی سیمایەکی دیاری سیمیۆلۆژیا و هەڵوەشاندنەوەگەراییە. لەبارەی زاراوەی (ئەرکی)یەوە هیچ زانیارییەکی نەداوە و ڕوونینەکردۆتەوە مەبەستی چییە و بۆچی بەکاریهێناوە.

لە دەروازەی ماستەرنامەکەشدا ئاماژەدانێك بۆ چوارچێوە گشتییەکەی میتۆدبەندی توێژینەوەکە هەیە و توێژەر دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت کە دەیەوێت دوو ئامانج بەم توێژینەوەیە بپێکێت، ئەویش بریتییە لە ((ئاشناکردنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە میتۆدەکانی

رەخنەی نوێ لەلایەك و لێکۆڵینەوە لە زمانی شیعر لەڕووی رەخنەی نوێ لەلایەکی ترەوە))(ئیبراهیم، 2009، 7). ئەمەش جەختکردنەوەی هەمان مەبەستی ناونیشانی سەرەکی ماستەرنامەکەیە بە بێ دیاریکردنی میتۆدی رەخنەیی توێژینەوەکە.
لە بەشی دووەمی ماستەرنامەکەشدا توێژەر ئاماژەی بەوە داوە کە هەوڵیداوە باسی پێکهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی رەخنەکانی (بونیادگەری فۆرمالیزمی و شێوازگەری و سیمیۆلۆژیا و هەڵوەشاندنەوەگەرایی)دا بکات (ئیبراهیم، 2009، 56). لێرەداشدا دیسانەوە ئاماژەدانێکی راستەوخۆ هەیە بۆ چوارچێوەی میتۆدبەندی و تێڕوانین و گۆشەنیگای رەخنەیی و چارەسەری زمانی شیعری وەك تەکنیکێکی هونەری و ئیستاتیکی و رەگەزێکی سەرەکی پێکهاتەی شیعری.
ئەوەی جێگای مەبەست و گرنگی بێت و بەتەواوی و وردی چوارچێوەی میتۆدبەندی و میتۆدی رەخنەیی توێژینەوەکەمان بۆ بخاتەڕوو، بەشی سێیەمی ماستەرنامەکەیە، توێژەر پێیوایە کە لە زمانی شیعری نوێدا بچوکترین کەرەستە زمانییەکان تا گەورەترینیان جێگای مەبەستن و ناکرێت بە سەربار دابنرێن و لە ریزبوونە ئاسۆیی و ستوونییەکانیشیاندا پێوەندی واتایی درووستدەکەن، بۆیە گەڕان بەدوای ئەو پێوەندییانە و دۆزینەوەی رایەڵەکانیان، کارێکی رەمەکی نییە و دەبێت رەخنەگر میتۆدێکی دیاریکراوی کارکردنی هەبێت بۆئەوەی ئەنجامی روونی دەستبکەوێ (ئیبراهیم، 2009، 110). جارێ ئەو زمانە شیعرییەی کە توێژەر توێژینەوەی لەبارەوە دەکات زمانی شیعری نوێ نییە، بەڵکو زمانی شیعری هاوچەرخە و ئەو ماوەیەی بە نموونە وەریگرتووە دەکەوێتە ماوەی شیعری هاوچەرخی کوردییەوە. لەلایەکی ترەوە، توێژەر بانگەشەی ئەوە دەکات کە بۆ توێژینەوە لە تایبەتمەندی و بونیاد و پێکهاتەی ئەم زمانە شیعرییە، پێویستە رەخنەگر میتۆدێکی رەخنەیی دیاریکراوی هەبێت، کە ئەمە پشتبەستن بە یەك میتۆدی رەخنەیی لێدەفامرێتەوە و ئەم بۆچوونەش لەگەڵ ستراتیژییەتی میتۆدبەندی ماستەرنامەکە و بۆچوونێکی تری خۆی کە لە پەرەگرافی دواتردا دەربڕیووە یەکترناگرێتەوە و دژیەکە. لەلایەك، ستراتیژییەتی میتۆدبەندی ماستەرنامەکە و ئامانجەکانی ناونیشانی نامەکە وایانخواستووە کە توێژەر سوود لە چەند میتۆدێک وەربگرێت و ئامانجەکانی توێژینەوەکەی بپێکێت، لەلایەکی ترەوە، هەر خۆی دەڵێت: ((ئەم بەشە زمانی شیعری لە دۆخی شیکاری پراکتیکیدا لە روانگەی قوتابخانە رەخنەییەکانەوە دەخاتەڕوو، بە ئامانجی ئەوەی روونی بکاتەوە کە هەر قوتابخانەیەکی ئەدەبی جۆرێك لە چێژ و بەهای ئیستاتیکی دەق دەردەخەن و هەموویان پێویستیان بە میتۆدی بنیادگەری هەیە بۆئەوەی بەشێوەیەکی زانستییانە بگەنە بڕیارەکان))(ئیبراهیم، 2009، 110). ئەمە بانگەشەکردنە بۆ چوارچێوە و ستراتیژییەتی میتۆدبەندی و تێڕوانینی رەخنەیی توێژینەوەکە کە پشتی بە فرە میتۆدی یان ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی رەخنەیی لە توێژینەوەدا بەستووە، کە ئەم جۆرە توێژینەوانە دەچنە خانەی (رەخنەی تەواوکاری)یەوە و ستراتیژییەتی میتۆدبەندی ئەم ماستەرنامەیە لەم هێلکارییەی خوارەوەدا رووندەکەینەوە:




لە توێژینەوەی تێکستی یەکەمدا میتۆدی شێوازگەری زاڵە و وەسیلەیە بۆ کردەی شیکردنەوەی شیعرەکە و دیاریکردنی شێوازی شیعرەکە. لە توێژینەوەی تێکستی دووەمیشدا میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی زاڵە و وەسیلەیە بۆ کردەی لێکدانەوەی واتای شیعرەکە (ئیبراهیم، 2009، 119)، بەڵام لە هەردوو توێژینەوەشدا شوێنەواری میتۆدەکانی تر ئەگەر بە رێژەیەکی زۆر کەمیش بێت دیارن و توێژەر سودی لە میتۆدە رەخنەییەکانی تر وەرگرتووە، ئەوەتا ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ نموونە ئەگەر چەند میتۆدێکی رەخنەیی لە توێژینەوەی تێکستێکی دیاریکراودا بەکاربهێنرێت ئەوا ((هەموویان پێویستیان بە میتۆدی بنیاتگەری هەیە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستییانە بگەنە بڕیارەکان)) (ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١١٠)، کەواتە لە هەردوو پرۆسە رەخنەییەکەدا کە سوود لە کردەکانی

(وەسف و شیکردنەوە) و (لێکدانەوە) وەرگیراوە و بەسەر دوو تیکستی شیعریدا پراکتیزەکراونن بونیادگەری فۆرمالیزمی ئامادەیی هەیە، بەڵام لێرەدا مەسەلەکە سەردەکێشێت بۆ رێژە و چەندێتی ئامادەبوونی میتۆدەکان و چۆنێتی و چەندێتی سوودوەرگرتنی توێژەر لە میتۆدە تێکەڵکراوەکان. بۆ نموونە ئەگەر بە وردی سەیری توێژینەوەی شیعری یەکەم بکەین، دەبینین هەوڵەکانی میتۆدی شێوازگەری ئەوەندە زاڵە دەرفەتێکی زۆر کەم بۆ بونیادگەری ماوەتەوە، بەتایبەت لە مەسەلەی شیکردنەوەی ئاستەکانی زمان بۆ رەگەز و کەرەستە پێکهێنەرەکانی چونکە ئەمە بەنزیکەیی هەمان ئەو میکانیزمەیە کە بونیادگەری فۆرمالیزمیش زۆرجار لە توێژینەوەی شیعردا بەکاریدێنێت، بەڵام ئامادەبوونەکەی ئەوەندە کاڵبۆتەوە لەنێو هەوڵەکانی شێوازگەریدا تواوەتەوە، چونکە توێژەر هەمان ئەو میکانیزم و هەنگاوە کردەییانەی شێوازگەری بەکارهێناوە کە لە بەشە تیۆرییەکەیدا لە بابەتی زمانی شیعری لەروانگەی شێوازگەرییەوە باسیکردووە. ئەم هەوڵە لە توێژینەوەی تێکستی دووەمدا کەمتر بەرچاودەکەوێت، چونکە میتۆدەکانی (بونیادگەری فۆرمالیزمی و سیمیۆلۆژیا)ش ئامادەییان هەیە و سوودیان لێوەرگیراوە، ئەگەرچی پانتایی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە هەوڵی هەردوو میتۆدەکەی تر زۆر زیاترە و هەوڵەکانی ئەم دوو میتۆدەش خزمەت بە مەسەلەی لێکدانەوە دەکات کە ئامانجی سەرەکی هەڵوەشاندنەوەگەراییە و لەمیانی کۆمەڵێک میکانیزم و هەنگاوەوە کردەی لێکدانەوەی جیاواز بۆ واتای شیعر دەکات.


هەر لە پێشەکی توێژینەوەکەدا، لە باسی گیروگرفتی توێژینەوەکەدا توێژەر دەڵێت: ((زمانی شیعری بابەتێکە زۆر مەسەلە هەڵدەگرێت و فراوانە، ئەو لێکۆڵینەوە و سەرچاوانەی کە باسیان کردووە، زۆربەی زۆریان لە روانگەیەکی تەسکدا لێی دواون، کەمی ئەو سەرچاوانەی کە بە گشتگیری باسی زمانی شیعر بکەن، گرفتێکی گەورەی لێکۆڵینەوەکە بوو))(ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١). ئەمە رێک مەبەستی روونکردنەوەی سەرەوە دەپێکیت و مەبەست لێی بەکارهێنانی رەخنەی تەواوکارییە (ئامادەبوونی چەند میتۆدیکی رەخنەیی)، چونکە توێژەر دەیەوێت لە روانگەیەکی گشتگیرییەوە لە زمانی شیعری بکۆڵێتەوە و دوورکەوێتەوە لە توێژینەوەی لایەنێکی دیاریکراو و بەرتەسککردنەوەی سنووری زمانی شیعری لە یەک رەهەندا. هەر لە ئەنجامەکانی تویژینەوەکەشدا لە خاڵی کۆتاییدا توێژەر مەسەلەی تێروانینە رەخنەییەکەی خۆی دووپاتدەکاتەوە و جەخت لەسەر رەخنەیەکی فرە میتۆدی دەکاتەوە و دەڵێت: ((رەخنەگری دەقی شیعری دەبێ لە هەموو لایەکەوە گرنگی بە زمانی دەقەکە بدا بۆ ئەوەی لە راڤەکردندا هەڵە نەکا. دەکرێ سوود لە چەند قوتابخانەیەکی رەخنەیی وەربگرێ بۆ تێگەیشتن و توێکاریی دەقێکی دیاریکراو، ئەمەش لەبەرئەوەی کە هەر قوتابخانەیەک لە روانگەیەکەوە مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات))(ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١٣٨). جارێ توێژەر لە چەندین شوێنی ماستەرنامەکەیدا لە بەکارهێنانی زاراوەکانی وەک (قوتابخانەی رەخنەیی و میتۆدی رەخنەیی) خۆی یەکلایی نەکردۆتەوە، هەندێک جار زاراوەی (قوتابخانەی رەخنەیی) لە جیاتی (میتۆدی رەخنەیی) بەکارهێناوە، بەکارهێنانی (رێباز) لە جیاتی (میتۆد) گونجاو نییە و ئەم زاراوەیە بۆ مەبەستی تر بەکاردەهێنرێت، نەک میتۆدی رەخنەیی. دواتر لە توێژینەوەی تێکستی یەکەمدا کە چوارچێوە گشتییەکەی میتۆدی رەخنەی شێوازگەری وەرگرتووە و خۆی نەبەستۆتەوە بە بۆچوون و میتۆدی هیچ رەخنەگرێك یان ئاراستە و جۆرێکی دیاریکراوی نێو ئەم میتۆدە رەخنەییە، کە ئەمەش خەوشی ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەنەوە گرفت درووستدەکات. یەکێکیان: ئەوەیە کە دەڵێت پێویستە چەند میتۆدێکی رەخنەیی وەربگرین بۆ تێگەیشتن و توێکاری تێکستێکی دیاریکراو کە ئەمە (رەخنەی تەواوکاری – ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی رەخنەیی)یە، کەچی پرۆسە رەخنەییەکە لێرەدا زیاتر پشتی بە هەوڵەکانی (شێوازگەری) بەستووە، کە ئەمەش مەسەلەی بەکارهێنانی چەند میتۆدی و ئامادەبوونی بونیادگەری فۆرمالیزمی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چونکە ئەمە مەسەلەی ئامادەبوونی یەک میتۆدی لێدەفامرێتەوە، ئەگەر بێت و سەیری تەوەری (پێکهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی شێوازگەرییەوە) بەشی دووەم (ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ٧١-٩٢) بکات و پاشان سەیری تەوەری یەکەم لە توێژینەوەی تێکستی یەکەم لە بەشی سێیەم (ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١١١-١١٩) بکات، درک بەوە دەکات کە رەخنەی شێوازگەری بەتەواوی میکانیزم و هەنگاوەکانییەوە زاڵە. لەکاتێکدا توێژەر خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە باشترین میتۆدی کارکردن بۆ توێژینەوەی شیعر ئەوەیە کە ئەگەر رەخنەگر یان خوینەر ویستی توێژینەوە لە تێکستێک بکات (سەرلەنوێ بینووسێتەوە)، ئەوا پێوستی بە پراکتیزەکردنی بۆچوون و کەرەستەکانی میتۆدە رەخنەییەکانی دیکەش هەیە و دەبێت پایە پایە بە ئاستەکاندا بڕوات و تیکست بخاتە بەر نەشتەری هەموو میتۆدەکان،بەڵام هەریەکەیان بەجیا. دواتر هەموو سەرنجەکان کۆدەبنەوە و لێکدانەوەی تێکستەکە دەوڵەمەنددەکەن (ئیبراهیم، 2009، 109). بەڵام ئایا توێژەر ئەم میتۆدی کارکردنەی بەوشێوەیەی کە خۆی بانگەشەی بۆ کردووە، پراکتیزەکردووە؟ هەڵبەت؛ نەخێر، چونکە لە توێژینەوەی هیچ یەکێک لە دوو تیکستەکەدا بە تەواوی شوێن ئەو بۆچوونەی خۆی نەکەوتووە بە جیا چەند میتۆدیکی رەخنەیی بە تەواوی بەکارنەهێناوە کە دواتر سەرنجەکانیان کۆبکاتەوە و ئەنجامەکانیان لێوە دەربێنیت، ئەگەرچیش هەوڵیداوە جگە لە میتۆدی زاڵی نێو پرۆسەی رەخنەی پراکتیکییەکە میتۆدی تریش بخاتە خزمەتیانەوە، بەڵام تەنیا لە هەندێک رووەوە سوودی لێبینیوون.

لەلایەکی تریشەوە، لە پشتبەستن بە میتۆدی رەخنەیی، دەبێت یەک ئاراستە یان یەک تیۆر و بۆچوونی نێو هەر یەکێک لەم میتۆدانە وەربگرێت و زەمینەسازییەکی گونجاویان بۆ سازبکرێت و پرۆسە رەخنەییەکەیان پێ ئەنجامبدرێت، نەک چوارچێوە گشتییەکەی میتۆدەکان بکرێنە روانگەی شیکردنەوە و لێکدانەوەی تێکست. ئەم ماستەرنامەیەش وەک زۆرێك لە توێژینەوەکانی ترە، کە تەنیا پشت بە بنەما و میکانیزم و هەنگاوە پراکتیکییە گشتی و چوارچێوە گشتییەکەی میتۆدە رەخنەییەکان دەبەستن. تەنیا لە یەك شوێنی شیکردنەوەی تێکستەکەدا و لەبارەی پێوانەی پتەویی زمانی شیعرەکەوە (هاوکێشەی بۆزیمان)ی بەکارهێناوە کە دەچێتە نێو شێوازگەری ئامارییەوە (ئیبراهیم، 2009، 119). بەهەمان شێوە لە لێکدانەوەی تێکستی دووەمیشدا توێژەر زیاتر پشت بە میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەبەستێت، چونکە خۆی دەڵێت: ((بە پشت بەستن بە رەخنەی هەلوەشاندنەوە)) (ئیبراهیم، ۲۰۰۹، ۱۲۰). دیسانەوە نەیووتووە چەند میتۆدێکی رەخنەیی بۆ کردەی لێکدانەوەکە بەکاردێنێت، تەنیا دەڵێت (رەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی) بەکاردێنێت. کەچی لە هەوڵە جیاوازەکانی لێکدانەوەی شیعرەکەشدا سودی لە میتۆدی رەخنەیی تریش وەرگرتووە. هەروەها ئەگەر یەک میتۆدیش بەکاربێنێت، دیسانەوە خۆی وابەستەی هیچ ئاراستە و میتۆد و تیۆر و بۆچوونێکی رەخنەیی رابەر و رەخنەگرانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی نەکردووە. تەنیا لە روونکردنەوەی بونیادە واتاییەکانی شیعرەکەدا هەوڵیداوە بونیادە واتاییەکان لە ڕوانگەی (چوارگۆشەی گریماس)ەوە روونبکاتەوە (ئیبراهیم، 2009، 131-134) کە ئەمەش دەچێتە نێو سیمیۆلۆژیاوە. ئەمەش بە یەکێک لە خەوش و کەم وکوڕییەکانی میتۆدبەندی هەژماردەکرێت و سەلمێنەری ئەوەیە کە هۆشیاری میتۆدبەندی توێژەر لەمیانی بەکارهێنانی ئەم میتۆدانە و سازدانی زەمینەسازییەکی گونجاو بۆیان چۆنێتی و چەندێتی ئامادەبوونی میتۆدە رەخنەییەکان بە بەراورد بە ئەوانی تر تا رادەیەك کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە. چونکە یەکێك لە مەرجە سەرەکی و گرنگەکانی ئەو توێژینەوە ئەدەبی و رەخنەییانەی کە لە میتۆدێکی رەخنەیی زیاتریان تێدا بەکاردەهێنرێت، دەبێت زەمینەسازییەکی گونجاو و لەباریان بۆ بڕەخسێنرێت و لە پراکتیزەکردنیاندا سوود لە لایەنە ئەرێنییەکانیان وەربگیرێت و بەشێوەیەك تێکەڵبکرێن کە نەبێتە هۆی سەرلێشێوان و پشێوی و لەباربردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**2_6: مومارەسەی رەخنەیی:**

**2_6_1: رێکخستن:**

توێژەر لە رێکخستنی بەش و بابەت و تەوەرەکانی ماستەرنامەکەیدا هەوڵیداوە بەگوێرەی ستراتیژییەت و داواکاری و پێداویستییەکانی دوو لایەنی گرنگی توێژینەوەکەی دابەشیانبکات و رێکیانبخات. لەلایەکەوە، ملکەچی داواکارییەکانی ناونیشانی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی بووە کە زیاتر خوێندنەوەیەکی هونەری و ئیستاتیکییانەیە و لایەنی فۆرمخوازی گرتووە، لەلایەکی ترەوە، ملکەچی ستراتیژییەتی کاری رەخنەیی و مەرج و داواکارییەکانی ئەو تێڕوانینە میتۆدبەندی و رەخنەییە بووە کە هەوڵیداوە پرۆسەی رەخنە پراکتیکییەکەی لەسەر بونیادبنێت. بۆیە دەبینین ریزکردن و رێکخستنی بەش و تەوەرە و بابەتەکانی توێژینەوەکە بەتەواوی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری روئیایەکی میتۆدبەندییانەی ئاشکرا، کە میتۆدە رەخنەییە نوێیەکانە.




توێژینەوەکە لە دەروازەیەك و سێ بەش پێکهاتووە و هەریەکێکیش لەمانە لە چەند تەوەر و بابەتێك پێکهاتوون. تەوەر و بابەتەکانی بەشەکان لەگەڵ ناونیشانی سەرەکی بەشەکان گونجاون و گوزارشتن لە چەمك و مەبەستی ناونیشانی بەشە سەرەکییەکان، بۆیە لەڕوووی میتۆدبەندییەوە هیچ هەڵە و دژیەکییەك لە رێکخستنی بابەتەکان بەدیناکرێت و زۆربەیان خزمەتی مەبەست و ئامانجی بەشەکان و ستراتیژییەتی ماستەرنامەکە دەکەن. ئەمە جگە لەوەی خزمەتێکی راستەوخۆی روئیای میتۆدبەندی توێژینەوەکە دەکەن، بەڵام هەندێك لە بابەتەکانی بەشی یەکەم بەتایبەتیش چەمکی زمانی شیعری لە سەردەمە جیاوازەکان و چەمکی زمانی شیعری لە روانگەی رێبازە ئەدەبییەکان (ئیبراهیم، 209، 8-18)، راستەوخۆ خزمەت بە تێڕوانینی رەخنەیی توێژینەوەکە و روئیای میتۆدبەندی ناکات و لە مەسەلەی پرۆسەی رەخنەی پراکتیکی توێژینەوەکەدا سوودێکی ئەوتۆیان نییە و دەچنە خانەی تۆمارکردنی قۆناغبەندی مێژووییەوە.


ئەو جۆرە شێوەی ڕێکخستنیش کە لەم ماستەنامەیەدا پێڕەوکراوە، وەك لە هێلکارییەکەی سەرەوەدا روونکراوەتەوە پێوەندی بە ئامانج و مەبەستی سەرەکی ناونیشانی توێژینەوەکەوە هەیە کە بریتییە لە توێژینەوەی زمانی شیعری، هەڵبەت زمانی شیعریش ڕەگەزێکی سەرەکی فۆرمی شیعرییە، بۆیە دەبینین توێژینەوە لە تێکستەکانیش هەر لەم روانگەیەوەیە، کەواتە توێژینەوە لە تێکستەکان توێژینەوەیەکی فۆرمخوازییە و ڕەگەزەکانی فۆرمی تێکستی شیعری کردۆتە ئامانج و بابەتەکانیش هەر لەم تێڕوانینەوە ڕێکخراون. لەلایەکی ترەوە، تێبینی ئەوە دەکەین کە چەمکەکانی زمان و زمانەوانی باڵ بەسەر تەواوی تەوەرەکانی ئاستی تیۆری و پراکتیکدا کێشاوە و ئەمەش وایکردووە تێڕوانینە ڕەخنەییەکەش لە ئاستی پراکتیکدا هەمان چەمکی بەسەردا زاڵبێت. توێژەر هەر خۆشی ئاماژە بەمە دەکات و لەبارەی دروستی بەکارهێنانی (زمانی شیعر) و (زمانی شیعری)یەوە دەڵێت: ((دەستەواژەی (زمانی شیعری) زانستی ترە و لە لێکۆڵینەوەدا دەکەوێتە ژێر تیشکی یاسا زمانییەکان))(ئیبراهیم، 2009، 4).

ئەگەرچی بابەتە سەرەکییەکە بەدەوری زمانی شیعری دەخولێتەوە، بەڵام هەر یەکە لەو دوو تێکستەی پرۆسەی ڕەخنەی پراکتیکییان بەسەردا جێبەجێکراوە و جۆر و سروشتی ئەو میتۆدە ڕەخنەییانەش کە بەسەر هەریەکێکیاندا پێڕەوکراون، چ لە ئاستی تیۆری و چ لە ئاستی پراکتیکدا چەندین بابەتی نزیك لە تێڕوانینە میتۆدبەندییەکانی خۆیانیان سەپاندووە (ئیبراهیم، 2009، 56-109/ 110-135)، ئەمە لە ئاستە پراکتیکییەکەدا زیاتر و روونتر دەرکەوتووە. هەندێکجار هەست بە جۆرێك لە تێکەڵکردن دەکرێت لە پێوەرەکانی ڕێکخستن و توێژینەوەی بابەتەکان لەماسنەرنامەیەدا، بۆ نموونە توێژەر لە ڕێکخستنی کەرەستەی توێژینەوەکەیدا جیاوازی نەکردووە لە نێوان ئاستەکانی شیکردنەوە و دیاردە شێوازییەکاندا و ئەمانەی تێکەڵ بە یەکتری کردوون، بۆ نموونە، دیاردەی (دووبارەکردنەوە) دیاردەیەکی شێوازییە و دەشێ لە هەموو ئاستەکانی زماندا دەرکەوێت و دەشێ لەمیانی ئاستەکانی تێکست و زماندا باسبکرێت، هەروەکو توێژەریش لەمیانی ئاستی فۆنۆلۆژدا لێیکۆڵیوەتەوە لە شیکردنەوەی تێکستی یەکەمدا (ئیبراهیم، 2009، 111-114)، دووبارەکردنەوە لەم نامەیەدا لەمیانی ئاستەکانی شیکردنەوەدا (ئاستی دەنگ) لێیکۆڵدراوەتەوە.


**2_6_2: وەسف:**

ئەگەر سەیری مەتنە ڕەخنەییەکەی ئەم ماستەرنامەیە بکەین، دەبینین کە جۆرێک لە ئاراستەی زمانەوانی باڵی بەسەر زۆرێک لە بەش و تەوەرەکانیدا کێشاوە، ئەمەش لەبەرئەوەی توێژینەوەکە تێڕوانینی بۆ مەسەلەی زمانی شیعری لە روانگەی ڕەخنەی نوێوەیە، و یەکێکیش لە سەرچاوە گرنگ و بنەڕەتییەکانی ئەم ڕەخنەیە (زمانەوانی نوێ)یە، توێژەر خۆی جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە و دەڵێت: ((لەبەرئەوەی شیعر بەرهەمێکی زمانییە دەبێ زمانەوانی ئامرازی لێکۆڵینەوەی شیعر بێ. لێرەوە لەو هەوڵە نوێیانەوە ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ دەست پێ دەکات کە هەموو پێوەرەکانی جیاوازن لە ڕەخنە کۆنە سواوەکە))(ئیبراهیم، 2009، 19). لەلایەکی تریشەوە توێژینەوەکە لە پرۆسە ڕەخنەییە پراکتیکییەکەیدا تەرکیزی کردۆتە سەر شیکردنەوە و لێکدانەوەی (ئاستە زمانییەکان)، کە لەلای بەشێک لە توێژەر و ڕەخنەگران پێڕەوی ئەم جۆرە میکانیزمە بۆ تویژینەوەی شیعر کراوە و تا رادەیەکی باش میکانیزمێکی گونجاوە بۆ توێژینەوەی ژانری شیعری. هەڵبەت پەنابردنە بەر ئەم میکانیزمە هەلێکی باشە بۆ ئەو توێژینەوانەی پابەندی تیۆر و بۆچوونێکی دیاریکراوی ڕەخنەگرێکی دیاریکراوی نێو میتۆدێکی دیاریکراو یان تیۆرێکی ڕەخنەیی دیاریکراو نابن و هەوڵدەدەن چوارچێوە گشتییەکەی میتۆدە ڕەخنەییەکان بەکاربێنن، بەمەش توێژەر خۆی لەوە بواردووە کە بۆچوونی رابەر و ڕەخنەگرێک یان چەند ڕەخنەگرێک وەک پێوەر وەسیلەی توێژینەوە بەکاربێنێت و لەمبارەیەوە ئەرکەکەی ئاسانترە لە مەسەلەی پابەندبوون بە بنەماکانی میتۆدە ڕەخنەییەکانەوە، ئەمەش دەرگای بۆ واڵاکردۆتەوە بە ئارەزووی خۆی ئەم سەر و ئەوسەر بکات و ئاست زمانییەکان کەرەستە پێکهینەرەکانیان و هەر لایەنێکی تری تایبەت بە زمانی شیعری بخاتە ژێر تیشکی توێژینەوە. بۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەرنجی ماستەرنامەکە بدەین، ئەم تێڕوانینە هەستپێدەکەین. ئەگەر سەیری بەشی دووەم و سێیەم، چ لە ئاستی تیۆری و چ لە ئاستی پراکتیکدا بکەین ئەمە بەڕوونی دەردەکەوێت. لە بەشی دووەمی ئەم ماستەرنامەیەدا (کە تیۆرییە٩ توێژەر باسی پێکهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی میتۆدە ڕەخنەییە نوێیەکانەوە کردووە. ئاراستە گشتییەکەی تویژینەوەکە لەم بەشەشدا هەر لەو تێڕوانینەی توێژەرەوە سەریهەڵداوە کە هەر لە سەرەتای توێژینەوەکەیدا مەبەستێتی شیکردنەوەیەک بۆ ئاستە زمانییەکان بە هەموو پێکهاتەکانییانەوە بکات و دابەشکردنەکەشی هەر لەم روانگەیەوەیە، بە جۆرێک کە لە بابەتی پێکهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی میتۆدەکانی (بونیادگەری فۆرمالیزمی و شێوازگەری)یەوە زیاتر بایەخی بە ئاستەکانی (دەنگ و وشە و رستە) داوە و لە بابەتی پێکهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی میتۆدەکانی (سیمیۆلۆژیا و هەڵوەشاندنەوەگەرایی)دا بایەخی بە ئاستی (واتا) داوە (ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ٥٦-١٠٩). ئەم ئاراستەی کارکردنە لە بەشی سێیەمیش (کە پراکتیکییە) ڕەنگیداوەتەوە.


تویژەر بە مەبەست بەشە پراکتیکییەکەی (بەشی سێیەم) بەگوێرەی ئاستەکانی زمان بۆ دوو تەوەری سەرەکی دابەشکردووە، و لە دوو تیکستی شیعریدا ئەمەی روونکردۆتەوە، کە بەمشێوەیە:




بەمەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کە وەسفە رەخنەییەکە لە هەر یەکێک لەم تێکسانەدا جیاوازە بە جیاوازی ئەو ئاستانەی تێیدا دەردەکەون و گرنگییان پێدراوە، بۆیە زاراوە و چەمکە زامانەوانییەکان بەرێژەیەکی بەرچاو باڵیان بەسەر پرۆسە رەخنەییەکەدا کێشاوە، چ لە ئاستی مومارەسەی رەخنەییدا لە ئاستی تیۆری و پراکتیکدا، چ لە ئاستی تیڕوانینە میتۆدبەندییەکەدا. پرۆسە رەخنەییەکە، یان مەتنە رەخنەییەکە لە تەوەری یەکەمدا (توێژینەوەی شیعری یەکەم) سیماکانی شیکردنەوە و وەسف تێیدا زاڵن، کە ئەمانە دوو سیما و ئەدگاری هەرە دیاری رەخنەی نوێن و بۆ هەرسێ ئاستەکەی زمانی شیعری (دەنگ و وشە و رستە و ئاستەکانی تری شیعرەکە) گونجاون. کەچی لە تەوەری دووەمدا (توێژینەوەی شیعری دووەم) سیمای لێکدانەوە زاڵە کە سیما و ئەدگارێکی دیاری میتۆدە رەخنەییەکانی پاش بونیادگەرییە بۆ (ئاستی واتا) گونجاوەن چونکە لەم ئاستەدا خوێنەر بە کردەی لێکدانەوە هەڵدەستێت بۆ ئەوەی واتا شاراوەکانی تێکستەکە بدۆزێتەوە و بیانخاتەڕوو. بەشێوەیەکی گشتی لەم ماستەرنامەیەدا پشت بە میکانیزمەکانی شیکردنەوەی ئاستەکانی زمان لە تێکستدا بەستراوە، ئەمەش مانای وایە کە شیکردنەوە و توێژینەوە لە تێکستەکانی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە سروشتی ئەو بنەما و مونتەڵەقە رەخنەییانەی کە پێشتر توێژەر بڕیاری لەسەر داوە و لە خوێندنەوەیاندا پێڕەویکردوون، ئەویش بریتییە لە خوێندنەوەی تێکستەکان لە روانگەی ئاستە زمانییەکان. بۆیە دەبینین توێژەر بە تەواوی لە چوارچێوە و سیاق و کاریگەرییە دەرەکییەکانی تێکست دوورکەوتۆتەوە و هەوڵیداوە تێکستەکان وەك ئەوەی کە هەن بەو سروشت و تایبەتمەندییە ئیستاتیکی و هونەرییانەی کە هەیانە و لە ژێر رۆشنایی پێکاتە زمانییەکانیان لێیانبکۆڵێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئاستەکانی زمانی تێکستە شیعرییەکانی وەسف و شیکردۆتەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەو دوو تێکستە شیعرییەی بە نموونە بۆ پرۆسەی رەخنە پراکتیکییەکە وەرگیراوە پرۆسەی شیکردنەوە و توێژینەوە بۆ هەموو ئاستە زمانییەکانی تێکستەکان نەکراون، بەڵکو توێژەر لە شیکردنەوەی تێکستی یەکەمدا تەنیا لەنێو ئاستە زمانییەکانی وەك (دەنگ و وشە و رستە)دا کاریکردووە و بەمەش هەوڵیداوە شێوازی نووسینی تێکستە شیعرییەکە و بونیادە زمانییە تایبەتییەکەی بخاتەڕوو وەك ئەوەی کە هەیە (ئیبراهیم، 2009، 71)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە شیکردنەوەی سیاقی ناوەوەی تێکست، لەسەر کۆی پرۆسە رەخنەییەکەدا زاڵە و بۆ ئەم مەبەستەش سودی لە میکانیزمی شیکردنەوەی ئاستەکانی زمان لەنێو تێکستە شیعرییەکەدا بینیووە و سوودی لە میتۆدی رەخنەی (شێوازگەری) بینیووە و لە توێژینەوەی ئەم تێکستەدا خۆی بەدوورگرتووە لە توێژینەوەی (ئاستی واتایی)ی تێکستەکە. هەر خۆشی ئاماژە بەوە دەکات کە لەم بەشەدا باسی ئاستی واتا ناکات، بەڵکو لەگەڵ رەخنەی سیمیۆلۆژیادا گرنگیپێدەدات (ئیبراهیم، 2009، 56). لەکاتێکدا لە شیکردنەوەی ئاستەکانی زمانی شیعریدا لە روانگەی شێوازگەرییەوە پێویستە بایەخ بە ئاستی واتاش بدرێت چونکە، شێوازگەری گرنگی لەمبارەیەوە بایەخ بە چۆنێتی دروستبوون و پێکهێنانی بونیادی واتایی تێکست دەدات و ئەو بونیادە وەسفدەکات و بۆ کەرەستە پێکهێنەرەکانی شیبانەدەکاتەوە لەنێو تێکستدا، دوور لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوە و لێکدانەوەی واتای جیاواز لە تێکستدا. تەنیا ئەوەمان بۆ روونەدەکاتەوە کە ئەم ئاستە چۆن لەمیانی ئاستە زمانییەکانی ترەوە درووستدەبێت:




لە شیکردنەوە و توێژینەوەی تێکستی دووەمیشدا تەنیا کاری لەنێو ئاست و بونیادی واتایی تێکستە شیعرییەکەدا کردووە.




**2_6_3: میکانیزمەکانی شیکردنەوە و لێکدانەوە:**

میکانیزمەکانی شیکردنەوە و لێکدانەوە لە هەردوو شیعرەکەدا جیاوازن، ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی:

_ یەکێکیان پێوەندی بە سروشت و میکانیزمەکانی میتۆدی ڕەخنەیی پێڕەوکراوەوە هەیە، کە بۆ شیعری یەکەم دوو میتۆدی ڕەخنەیی و بۆ شیعری دووەم سێ میتۆدی ڕەخنەیی بەکارهێنراون، ئەمەش وایکردووە شێوازی توێژینەوە لە شیعرەکاندا جیاوازبێت، ئەمەش لەبەرئەوەی تێڕوانینی ڕەخنەیی و میکانیزم و بنەما و تەکنیك و هەنگاوی کردەیی ئەم میتۆدانە جیاوازن.

_ ئەوی تریان پێوەندی بەو ئاستە زمانییانەوە هەیە کە لە هەر شیعرێکدا لێیانکۆڵدراوەتەوە، وەك لەم دوو هێلکارییەی سەرەوەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

تێکستی یەکەم بەناوی (پەشیمانی) کە هی (ئەنوەر مەسیفی) شاعیرە، لە چەند ئاستێکی زمانیدا شیکردۆتەوە. سەرەتا ژمارەی بۆ دێرەکانی شیعرەکە داناوە کە پێکهاتووە لە (١٤) دێر. ئینجا دێتە سەر شیکردنەوەی ئاستە زمانییەکانی شیعرەکە و لە بچوکترین ئاستەوە بۆ گەورەترین ئاست هەنگاودەنێت.

شیکردنەوەی تێکستەکە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا (دەنگ) (لەو هەموو لایەنانەی ئەم ئاستە دەیگرێتەوە، کە توێژەر خۆشی زۆربەیانی لە بەشە تیۆرییەکە باسکردوون) تەنیا ئاماژەی بە دووبارەکردنەوە دەنگییەکانی شیعرەکە داوە، بێئەوەی هیچ شیکردنەوە و وەسفێکی زمانی یان ڕەخنەییان بۆ بکات (ئیبراهیم، 2009، 111-114)، ئاماژەی بە ڕۆڵ و گرنگی دووبارەکردنەوە دەنگییەکان و پێوەندییان بە ئاستەکانی تری زمانی و ڕۆڵیان لە بونیادی گشتی شیعرەکە و بونیادنانی مۆسیقای گشتی شیعرەکەدا نەکردووە.

لە شیکردنەوەی تێکستەکە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا (وشە) (لەو لایەنە جیاوازانەی کە ئەم ئاستە دەیگرێتەوە)، تەنیا باسی دروستکردنی یەك وشەی نوێی کردووە کە شاعیر لە شیعرەکەیدا بەکاریهێناوە (ئیبراهیم، 2009، 114). دەکرا شیعرەکەی لەم ئاستەدا بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی شیبکردایەتەوە و شێوازی زمانی شیعری لەم ئاستەدا وەسفبکردایە و کاریگەری ئەم ئاستەی لەسەر ئاستەکانی تر و بونیادی گشتی شیعرەکەدا ڕوونبکردایەتەوە.

لە شیکردنەوەی تێکستەکە لە ئاستی سینتاکسدا (ڕستە)، کاری لەسەر هەردوو تەوەری (هاونشینی) و (جێنشینی) کردووە و لە تەوەری یەکەمدا ئاماژەی بە دوو دیاردە داوە (خستنی کەرەستەکان) و (پێش و پاشکردنی کەرەستەکان). لە تەوەری دووەمیشدا ئاماژەی بە (ڕاستی و دروستی ڕستەکان لە ڕووی (ڕێزمانی و لۆژیك)ەوە داوە و ئەمانەی زۆر بەکورتی باسکردوون (ئیبراهیم، 2009، 114-115). دیاردەکانی هەردوو تەوەرەکە دەکەونە ئێو (لادان)ەوە، لادانەکانیش لە هەردوو ئاستی ڕێزمانی و ئاستی واتا دان. توێژەر لادانە واتاییەکەشی (زۆر بەکورتی) دیاریکردووە، لەکاتێکدا خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە گرنگی بە مەسەلەی واتا لەم تێکستە نادات. ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ بۆچوونی خۆی.

پاشان توێژەر دێتە سەر شیکردنەوەی چەند ڕەگەزێکی تێکستەکە و لە ئاستە زمانییەکەی دابڕیوون و بە جیا و تەوەری سەربەخۆ باسیکردوون، سەرەتا باسی (تۆپۆگرافیای شیعرەکە) دەکات و ڕێژەی ڕستەی تێکشکاو و ڕستەی تەواوی نێو شیعرەکە دەردێنێت و کاریگەری ئەمانە لە مەسەلەی بایەخی (فۆرم و دەنگ) بەسەر بایەخی (واتا)دا بەکورتی ڕووندەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە تۆپۆگرافیای شیعرەکە جۆرێک لە سەرواى بۆ شیعرەکە درووستکردووە (ئیبراهیم، 2009، 115)، بێئەوەی بچێتە نێو وردەکاری ئەو لایەنانەی ئاماژەی پێداون و بە نموونەوە ڕوونیانبکاتەوە. تۆپۆگرافیای شیعرەکەی بەتەواوی ڕوونی و وردی لەڕووی (بایەخی دەنگی و بایەخی واتایی)یەوە شینەکردۆتەوە و کاریگەری ئەم تۆپۆگرافیایەی بەسەر سەرواى شیعرەکەدا باسنەکردووە. پاشان دێتە سەر ئاستێکی تری شیعرەکە کە بە مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکە دادەنرێت و بریتییە لە (سەروا و کێش)ی شیعرەکە. لە ئاستی (سەروا)دا، لە هەردوو لایەنی (سەروا و هاوسەروا)دا باسی سەرواى شیعرەکە دەکات. سەرواى گشتی شیعرەکەی دیاریکردووە بێ هیچ وردەکاری و ڕوونکردنەوەیەک، هەروەها بونیادی هاوسەرواى شیعرەکەشی دیاریکردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە لە ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا هاوسەروا بوونی هەیە و هونەرەکانی (تضمین و ترصیع)ی تێدا بەکارهاتووە (ئیبراهیم، 2009، 115-117)، توێژەر لەسەر ئاستی هەردوو هونەرەکەدا زۆر بەکورتی و خێرایی باسی مۆسیقای شیعرەکە دەکات. کە ڕەنگبێت ئەم خوێندنەوە خێرا و سەرپێییانە زۆر سوود بە خوینەر نەگەیەنن. لەبارەی کێشی شیعرەکەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە کێشێکی تێکشکاوی لەسەر بنەمای ڕیتمی چوار بڕگەیی هەیە و چەند دێڕێکیش هەن پێی سیانییان تێدا بەکارهاتووە (ئیبراهیم، 2009، 117-118). لەبارەی بونیادی ئاوازەی شیعرەکەشەوە تەنیا شوێنی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی ئاوازی شیعرەکەی دیاریکردووە، بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەك (ئیبراهیم، 2009، 118). لەلایەکەوە، دەکرا توێژەر هەریەکە لە (تۆپۆگرافیای شیعرەکە و کێش و سەروا و ئاواز)ی شیعرەکەی لە ئاستی بایەخی دەنگیدا (ئاستی دەنگ) باسبکردایە، مادام نەیویستووە کاریگەری ئەم ئاستە بەسەر واتادا باسبکات، چونکە باسی ئاستی واتا ناکات لەم شیعرەدا. لە بەشە تیۆرەکەشدا ئەمانەی وەک پێکهاتە دەنگییەکانی زمانی شیعری ناساندووە، هەروەها سروشتی ئەو مۆسیقا شیعرییەی کە لەمیانی ئەمانەوە دروستبوون بە وردی و ڕوونی ڕووننەکردۆتەوە. پاشان دەکرا بەتەواوی و وردی پێوەندی و کاریگەری ئەمانەی بەسەر بایەخە واتاییەکەی شیعرەکە ڕوونبکردایەتەوە و ئاستی واتاشی فەرامۆشنەکردایە. ئەمەش بە یەکێک لە خەوشەکانی ئەم توێژینەوەیە هەژماردەکرێت، چونکە ورد و درشتی پرۆسەکەی بە تەواوی و وردی باسنەکردووە، تەنیا هەوڵیداوە ڕوانگە گشتگیرییەکە لەبارەی سروشت و بونیادی زمانی شیعرەکە و شێوازەکەی بخاتەڕوو، بە پاساوی درێژدادڕی نەکردن لە توێژینەوەکەیدا، کە ئەمە پاساوێکی زانستی نییە و کێشە بۆ ئاستی پراکتیکی لە پرۆسەی ڕەخنەییدا دروستدەکات.

پاشان توێژەر بۆ پێوانی پتەوی زمانی شیعرەکە، هاوکێشەی (بۆزیمان)ی بەکارهێناوە کە سەر بە شێوازگەری ئامارییە و پێیوایە زمانی شیعرەکە پتەوە، چونکە ڕێژەی بەکارهێنانی کار بە بەراورد بە ئاوەڵناو لە شیعرەکەدا زیاترە (ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١١٨-١١٩). لێرەدا توێژەر لە میکانیزمی بەکارهێنانی ئاستەکانی زمان لە شیکردنەوەی شیعردا پەڕیوەتەوە بۆ شێوازگەری ئاماری کە ئەمەش دیسانەوە سەلمێنەری ئەوەیە کە توێژەر پابەندی یەک ئاراستەی شێوازگەری نەبووە.

لە ئاستێکی تردا، باسی (لادان لە زار و زمان و شێواز) دەکات، توێژەر باسی لادان لە زمانی نووسین دەکات (ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١١٩). لێرەشدا هەمان ئاراستەی توێژینەوە تەقلیدییە کۆنەکانی گرتۆتەبەر لەبارەی زمانی شیعرییەوە، کاتێک باسی بەکارهێنانی وشەی زار و شێوەزارەکانیان لەو زمانە و لادانی ئەو زمانە لە زمانی نووسین و ستانداردا کردووە.


لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە شیکردنەوە و خستنەڕووی بونیادی زمان و شێوازی ئەم تێکستە شیعرییەدا، توێژەر تەنیا چوارچێوە گشتییەکەی میتۆدی شێوازگەری وەرگرتووە، بەهیچ جۆرێک ئاماژەی بەوە نەکردووە کە پشتی بە کام جۆر و ئاراستەی شێوازگەری یان بۆچوون و هەنگاوی کام ڕابەر و ڕەخنەگری ئەم میتۆدە بەستووە. پرۆسە ڕەخنەییەکە لە توێژینەوەی ئەم تێکستەدا لەسەر بنەمای چەند هەنگاوێکی ڕەخنەیی ئەنجامدراون، کە پشتدەبەستێت بە شیکردنەوەی ئاستەکانی زمان و پێکهاتەکانی بۆ دیاریکردنی شێوازی شیعرەکە، بەکارهێنانی ئەم جۆرە میکانیزمە لە هەندێک میتۆدی تریشدا بوونی هەیە، بەتایبەت لە میتۆدی بونیادگەری فۆرمالیزمی کاتێک پشت بەم میکانیزمە دەبەستێت بۆ توێژینەوە لە ژانری شیعری، هەروەها سروشتی ئەو تۆڕە پێوەندییەی ئاست و ڕەگەزەکانی تیکستی بەیەکەوە بەستۆتەوە نەخستۆتەڕوو و پێوەندی ئاستەکانی بەیەکتری و بە کۆی گشتی بونیادی شیعرەکە باسنەکردووە. لەکاتێکدا سروشتی شێوازگەری وایە کە وەسفێکی وردی پێوەندییە ئالوگۆڕەکانی نێوان یەکە جیاوازەکانی ئاستەکانی دەنگ و وشە و ڕستە و فەرهەنگ و واتا دەکات لە زمانی شیعردا و کاریگەرییان بەسەر یەکترییەوە ڕووندەکاتەوە، چونکە شێوازگەری وەک یەکەیێکی یەکگرتوو و تەواو سەیری تێکستی شیعری دەکات. جگە لەمانەش، توێژەر بە پرۆسەی وەسف و شیکردنەوەی ئاستە زمانییەکانی شیعرەکە هەڵساوە (جگە لە ئاستی واتا) و ئاستەکانی تا ڕادەیەک بۆ کەرەستە و

پێكهاتەكانی شیكردۆتەوە و شیكردنەوەكەشی سێبەری زمانەوانی بە هەموو ئاستەكانییەوە بەسەردا زاڵە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توێژەر پرۆسەی كۆكردنەوە (تجمیع)ی سەرلەبەری ئاستەكانی شیكردنەوەی زمانی شیعرەكەی دوای پرۆسەی شیكردنەوە فەرامۆشكردووە، لەكاتێكدا لە رەخنەی شێوازگەریدا پرۆسە رەخنەییەكە بە چەند هەنگاوێكدا رەتدەبێت، وەک لە خوارەوە روونیدەكەینەوە:





شێوازی زمانی شیعرەكە لەو سەرنج و تێبینی و وردەكارییانەوە هەڵدەهێنجرێت، كە توێژەر دوای هەڵوەشاندنەوەی شیعرەكە بۆ ئاست و كەرەستە پێكهێنەرەكانی و شیكردنەوەی ئەو ئاستانەش بۆ كەرەستە بەشەكییە پێكهێنەرەكانیان و وەسفكردنی چۆنیتی بونیادنانیان و پاشان تۆماركردنی سەرنج و تێبینییەكان لە هەر ئاستێک و پاشانیش كۆكردنەوەی ئاستەكان بە هەموو سەرنج و تێبینییەكانیانەوە لەو روانگەیەوە كە تێكستەكە وەک گشتێک مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، لێرەوە دۆزینەوەكان لەبارەی شێوازی شیعرەكەوە لە پرۆسەی كۆكردنەوەكەوە دەردەهێنرێت. كەچی توێژەر لە هەر ئاستێكدا سەرنجەكانی لەبارەی شێوازی شیعرەكە لەو ئاستەدا روونكردۆتەوە. لەلایەكی ترەوە، ئەم جۆرە لە پرۆسەی رەخنەیی میتۆدبەندییانە كە بۆ شیكردنەوە و شرۆڤەكردنی ئەم شیعرە بەكارهێنراوە، ناكۆكە لەگەڵ ئەوەی توێژەر هەر لە سەرەتاوە بڕیاری لەسەر ئەوە داوە كە لە تێڕوانینێكی گشتگیری و سەراپاگیرییەوە لە زمانی شیعرەكە دەكۆڵێتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش چەند میتۆدێكی رەخنەیی نوێ وەک وەسیلەی توێژینەوە بەكاردێنێت، كەچی تەنیا سوودی لە میكانیزمی شیكردنەوەی ئاستەكانی زمانی تێكست بینیووە و لەنێو ئاستەكانیشدا هەموو ئاستەكانی وەرنەگرتووە، جگە لەمانەش تەنیا كاری بە یەک میتۆدی رەخنەیی كردووە و شوینەواری میتۆدی رەخنەیی تر ئامادەبوونی نییە، یان ئەگەر هەشبێت بەهۆی پراكتیزەكردنی زاراوە و كەرەستە و هەنگاوە كردەییەكانی شێوازگەری كاڵبۆتەوە و زەمینەسازی لەنێوانیاندا نەرەخسێنراوە بۆئەوەی لە رێگەیانەوە كار لەنێو رەگەز و پێكهاتەكانی زمانی شیعری بكرێت.

لە تێكستی دووەمدا بەناونیشانی (.......) كە هی (فەرید زامدار)ە، توێژەر هەوڵیداوە (بونیادی واتا)ی شیعرەكە بدۆزێتەوە، ئەویش لەمیانی هەڵوەشاندنەوەی بونیادی زمانی تێكستەكە، بۆ ئەم مەبەستەش هەر جارەو پەنای بردۆتە بەر رێكاری و میكانیزم و هەنگاوێكی كردەیی لە هەڵوەشاندنەوەگەرایی، و بەیارمەتی هەردوو میتۆدی (بونیادگەری فۆرمالیزمی و سیمیۆلۆژیا). سەرەتا وەسفێكی گشتی بونیادی تێكستەكەی كردووە و بۆ دوو بەش دابەشیكردووە و ژمارەی بۆ رستە شیعرییەكان داناوە (ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١٢٠- ١٢٢)، وەک ئامادەكارییەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی، كە جارێک رستە شیعرییەكانی بەشی یەكەمی بەرامبەر بەشی دووەمی شیعرەكە داناوە و لەمەیاندا بونیادێكی تر درووستدەبێت كە لێكدانەوەی بۆ كردووە. لە هەنگاوێكی تردا رستە شیعرییەكانی هەردوو بەشەكەی هەڵگێڕاوەتەوە و ئەمجارەیان رستە شیعرییەكانی بەشی دووەمی بەرامبەر بەشی یەكەم داناوە بە پێچەوانەی هەنگاوی یەكەم، بەمەش بونیادێكی تر درووستبووە، هەرچەندە ئاماژە واتاییەكانی بونیادی یەكەم دووبارە دەكاتەوە، بەڵام ئەمجارەیان چەند نهێنی و وردە سەرنجی تری لە خوێندنەوەی ئەم بونیادەدا بۆ دەردەكەوێت (ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١٢٢-١٢٦). ئەم جۆرە سەرنجانە لەبارەی واتای شیعرەكەوە لە بنیادی بنەڕەتی شیعرەكەدا دەرناكەون. بۆیە تا بونیادە بنەڕەتییەكە هەڵنەوەشێتەوە نهێنییەكان لەبارەی بونیادی واتایی شیعرەكە دەرناكەون.



لە هەنگاوێکی تردا، بۆ دۆزینەوەی بونیادی واتایی شیعرەکە و روونکردنەوەی بەشێکی تری نهێنییەکانی شیعرەکە لەڕووی واتاوە، توێژەر پەنای بۆ فیڵدە واتاییەکان بردووە و حەوت فیڵدی واتایی بەگوێرەی دێرەکانی شیعرەکە دیاریدەکات، بەجۆرێک توێژەر پێیوایە کە شیعرەکە لە ئومێدەوارییەوە بەرەو تاریکی دەستپێدەکات و لە کۆتاییشدا دەگەڕێتەوە بۆ هەمان دەستپێک (ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١٢٧-١٢٩). دواتر توێژەر لەمیانی لێکدانەوەی هەندێک تەم ومژی نێو شیعرەکە و لادانی تەم ومژییەکانی سەر چەند دێرێک لێکدانەوەیەکی تر بۆ شیعرەکە دەکات، کە بەلایەوە رادەی تەم ومژییەکە کار لە رەوتی واتای شیعرەکە ناکات (ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١٣٠-١٣١). چونکە لێرەشدا واتای گشتی شیعرەکە دووپاتکردنەوەی ئەو واتایەیە کە لە یەکەم هەنگاوی لێکدانەوەدا پێیگەیشت. لە هەوڵێکی تریدا، توێژەر پەنا بۆ (چوارگۆشەی گریماس) دەبات و هەوڵدەدات دیاردەکانی نێو شیعرەکە بە بەراورد لەگەڵ دژەکانیان روونتربکاتەوە. بەمەش راستی رووداوی نێو شیعرەکە لەگەڵ دژەکەی کە رووداوێکی ئەگەرییە و روونادات بەراوەردەکات (ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١٣١-١٣٤). کۆتا هەنگاو، بریتییە لە لێکدانەوەی واتای شیعرەکە لەمیانی رستەی (ناکەی) کە توێژەر بە تەوەر و سەنتەری شیعرەکەی داناوە و پێیوایە کە لەکۆی (١٧) دێری شیعرەکەدا (١٣) دێر بەدەوری (ناکەی) لەمیانی چوار چەمکدا کۆبوونەتەوە (ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١٣٥). بەمەش دووبارە مەسەلەی (ترس لە هەنگاونان و دڵەڕاوکێ) لە شیعرەکەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە. کەواتە دۆزینەوە و لێکدانەوەی بونیادی واتایی شیعرەکە بە چەند هەنگاوێکی جیاواز لە یەکتر ئەنجامدراوە، کە لە زۆربەی هەنگاوەکانی پرۆسەی لێکدانەوەدا واتای شیعرەکە دووپاتکردنەوەی هەنگاوی یەکەمە، وەک لەم هێلکارییەی خوارەوە روونیدەکەینەوە:




ئەگەر لە لێکدانەوەکانی هەر شەش هەنگاوی لێکدانەوەی شیعرەکە بۆ روونکردنەوەی بونیادی واتایی شیعرەکە وردبینەوە، پێنج لێکدانەوەیان ئاماژەیە بۆ (زاڵبوونی ترس و دڵەڕاوکێ) بەسەر شیعرەکەدا، تەنیا لێکدانەوەی هەنگاوی سێیەم نەبێت، کە پشتی بە (فیڵدە واتاییەکان لە بونیادی بنەڕەتی شیعرەکە) بەستووە بۆ لێکدانەوەی واتای شیعرەکە، توێژەر ئاماژەی بەوە داوە کە شیعرەکە بە ئومێدەواری (رووناکی) دەستپێدەکات و پاشان بێهیوایی (تاریکی) بەسەردا دێت و دواجار جارێکی تر بەرەو ئومیدەواری (رووناکی) دەگەڕێتەوە. کەچی لە هەر پێنج هەنگاوەکانی تری لێکدانەوەی واتای شیعرەکە تەنیا جەختکردنەوەیە لە مەسەلەی (ترس و دڵەڕاوکێ)ی شاعیر، لە هەر هەنگاوێکدا تەنیا چەند نهێنییەکی شیعرەکە دۆزراوەتەوە و خراوتەڕوو (ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١٢٢-١٣٥)، کە پێوەندییان بە ئاستی واتای شیعرەکەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییەکی ئەوتۆیان بەسەر گۆڕینی رێڕەو و ئاراستەی واتای گشتی شیعرەکەدا نییە، چونکە تارماییەکانی واتای شیعرەکە کە لە یەکەم هەنگاودا باڵی بەسەر شیعرەکەدا کێشاوە، لە هەنگاوەکانی تریشدا (جگە لە هەنگاوی سێیەم) هەمان شتە. ئەمەش لەگەڵ تێروانین و بنەما رەخنەییەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ناکۆک و دژە، چونکە هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەوڵەکانی خۆی لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی بونیادی واتایی تێکستدا بۆ ئەوەیە کە لە هەر کردەیەکی هەڵوەشاندنەوە و لێکدانەوەدا واتایەکی نوێ بەدەستبێنێت و واتای پێشوو رەتبکاتەوە، ئەوەتا توێژەر خۆشی لە چەند شوێنێکی ماستەرنامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات، بۆ نموونە؛ دەڵێت: ((زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە رەخنەی هەڵوەشاندنەوە لەوەوە دێت کە خوێندنەوەکانی خۆی بۆ دەقێک هەڵدەوەشێنێتەوە، واتە واتایەک بۆ دەق دیاریدەکات، پاشان دوای خوێندنەوەی دووەم، واتای یەکەم هەڵدەوەشێنێتەوە واتای دووەم هەڵدەبژێرێت. ئەم کردەیە بەردەوام دەبێ و فرە واتایی دەقیش لەمەوە سەرچاوە دەگرێت))(ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ٥١)، هەر لە روانگەی ئەم بۆچوونەوە ئەگەر سەیری هەموو لیکدانەوەکانی توێژەر بۆ واتای شیعرەکە بکەین، مەسەلەی فرەواتایی بەدیناکەین، چونکە زۆربەی خوێندنەوەکان پاڵپشتی یەک واتا دەکەن (جگە لە لێکدانەوەی فیڵدە واتاییەکانی شیعرەکە) کە تویژەر خۆشی لە هەموو هەنگاو و هێلکارییەکانیدا ئاماژەی پێداوە. لەلایەکی ترەوە، توێژەر بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی بەوە نەداوە کە لەنێو رەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا بۆچوونی کام رابەر و رەخنەگری ئەم میتۆدەی رەخنەی ئەدەبی پێڕەوکردووە، لە لێکدانەوەکانیشیدا ئەوە دەرناکەوێت کە پشتی بە بنەما و گوتەزاکانی رەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی (ژاک دریدا) بەستبێت، بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین کە توێژەر چوارچێوە گشتییەکەی ئەم میتۆدە رەخنەییەی

وەرگرتووە و کاری لەسەر بنەما و هەنگاوە کردەییە گشتییەکانی ئەم میتۆدە رەخنەییە کردووە، وەک ئەوەی لە زۆربەی کتێب و توێژینەوە رەخنەیی و ئەدەبییەکاندا ئاماژە بە هەنگاوە کردەیی و گشتییەکانی ئەم میتۆدە کراوە سەبارەت بە چۆنێتی مامەلەکردنی لەگەڵ دەقی شیعریدا. هەوڵەکانی توێژەر لە مەسەلەی لێکدانەوەی واتای شیعرەکە زیاتر هەولی کەسیی خۆیەتی و پشتئەستوور نییە بە بۆچوونی هیچ رابەرێکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی. بەشێک لەو هەنگاوانەی توێژەر بۆ لێکدانەوەی واتای شیعرەکە ئەنجامیداوە لە نامە و توێژینەوەی تریش دەردەکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر سەیری نامەی ماستەری (هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن)ی (عبدالستار پیرداود) بکەین، کە دوای ئەم ماستەرنامەیە تاوتوێکراوە بەشێک لەو هەنگاوانەمان بەرچاودەکەوێت کە توێژەری ناوبراو بۆ لێکدانەوەی شیعری (پایز پایز)ی (گۆران) ئەنجامیداوە[2].

**_ ئەنجامەکانی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- لەم ماستەرنامەیەدا پێرەوی ئەو تێڕوانینە رەخنەییە کراوە، کە زمانی شیعری لە چەندین ئاست و رەهەندی جیاواز پێکهاتووە، و باشترین چارەسەریش بۆ توێژینەوە لەم زمانە تێکەڵکردنی میتۆدە رەخنەییە جیاوازەکانە بۆئەوەی هەر میتۆدێک لە ئاستی خۆیەوە لە لایەنێکی زمانی شیعرەکە بکۆڵێتەوە و بە هەموویانەوە وێنایەکی گشتگیری زمانەکە پشانبدەن. ئەمەش دەچێتە خانەی (رەخنەی تەواوکاری)یەوە، کە بریتییە لە ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی رەخنەیی لە توێژینەوەدا.
- ئەو میتۆدە رەخنەییانەی لە پرۆسەی رەخنە پراکتیکییەکەدا بەشدارن، بریتین لە (بونیادگەری فۆرمالیزمی، شیوازگەری، هەلوەشاندنەوەگەرایی، سیمیۆلۆژیا)، بەجۆرێک لە توێژینەوەی شیعری یەکەمدا (بونیادگەری فۆرمالیزمی و شێوازگەری) و لە توێژینەوەی تێکستی دووەمدا (هەڵوەشاندنەوەگەرایی و سیمیۆلۆژیا و بونیادگەری فۆرمالیزمی) ئامادەییان هەیە، بەڵام سروشتی توێژینەوەکە ئاراستەی (التلفيقي - Syncretism) بەسەردا زاڵە، واتە لە توێژینەوەی شیعری یەکەمدا (شێوازگەری) و لە توێژینەوەی شیعری دووەمدا (هەڵوەشاندنەوەگەرایی) زاڵن، بەڵام لە هەمان کاتدا توێژەر پشتی بە میتۆدەکانی تریش بەستووە.
- توێژەر ئاماژەی بەوە نەکردووە کە سوودی لە کام جۆر و ئاراستەی میتۆدەکان یان بۆچوونی رەخنەیی کام رابەر و رەخنەگری ئەم میتۆدانە بەستووە، بەڵکو چوارچێوە گشتییەکانی ئەم میتۆدانەی وەرگرتووە و پراکتیزەیکردوون.
- توێژەر پشتی بە شیکردنەوەی ئاستە زمانییەکان و کەرەستە و پێکهاتەکانیان بەستووە، بە جۆرێک ئاستەکانی (دەنگ و وشە و رستە)ی لە شیعری یەکەم و ئاستی (واتا)ی لە شیعری دووەم خستۆتەڕوو. کە ئەم جۆرە میکانیزمەی شیکردنەوەی ئاستەکانی زمان وەک میکانیزمێکی شیکردنەوە و توێژینەوە لە میتۆدی رەخنەیی تریشدا بەکاردێت، وەک بونیادگەری فۆرمالیزمی.
- لە شیعری یەکەمدا ئاستەکانی (دەنگ و وشە و رستە)ی وەسف و شیکردۆتەوە و بایەخی بە ئاستی (واتا) نەداوە، ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی رەخنەی شێوازگەری ناگونجێت، چونکە شێوازگەری بایەخ بە چۆنێتی بونیادنانی ئاستی واتاش دەدات و لەو روانگەیەوە پێوەندی ئاستەکانی تر و رۆڵیان لە بونیادنان و پێکهێنانی واتادا دەخاتەڕوو. هەروەها ئاستی مۆسیقای شیعرەکەی لەژێر ئاستی دەنگدا باسنەکردووە، لەکاتێکدا لە بەشە تیۆرییەکەدا لە بابەتی پێکهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی شێوازگەرییەوە لە ئاستی دەنگدا باسی (نەزم و کێش و سەروا و ئاوازە و تۆپۆگرافیای شیعری) کردووە. توێژەر شیعرەکەی بۆ ئاست و رەگەزە پێکهینەرەکانی شیکردۆتەوە، بەڵام بایەخی بە پرۆسەی کۆکردنەوەی دوای شیکردنەوە نەداوە، هەر لە ئاستی رەگەزەکانی شیعرەکەوە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعرەکەی خستۆتەڕوو.
- لە شیعری دووەمدا ئاستی واتای لێکداوەتەوە و پشتی بە چەند میکانزیم و هەنگاوێک بەستووە بۆ لێکدانەوەی واتای شیعرەکە، کەچی لە کۆی شەشە هەنگاوی لێکدانەوەدا پێنجیان جەخت لەسەر (زالبوونی دڵەراوکی) بەسەر شیعرەکەدا

[2] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالستار پیرداود، رەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە تیۆرەوە بۆ پڕاکتیزەکردن، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەددین، ٢٠١٠.

دەكەن. تەنیا یەک هەنگاوی لێكدانەوە ئاماژە بۆ (ئومێدەواری) لە شیعرەكەدا دەكات، ئەمەش لەگەڵ بنەماكانی رەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ناگونجێت، چونكە هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەوڵەكانی بۆ دۆزینەوەی واتای نوێ و شاراوە چڕكردۆتەوە.

- لە هەموو هەوڵەكانی لێكدانەوەی واتادا توێژەر تەنیا لە هەنگاوێكی لێكدانەوەدا پشتی بە چوارگۆشەی گریماس بۆ دۆزینەوەی واتای شیعرەكە بەستووە، كەچی هەوڵەكانی تری لێكدانەوەی بۆ واتای شیعرەكە زیاتر هەوڵی كەسین و پشتی بە هیچ میتۆد و تیۆرێكی رەخنەیی دیاریكراو نەبەستووە، بەڵكو خۆی لەڕێی هەندێک كەرەستە و رەگەز و توخمی نێو تێكستەكەوە و بە پشتبەستن بە هەندێک میكانیزمەوە پرۆسەی لێكدانەوەی بۆ شیعرەكە ئەنجامداوە.
- توێژەر لەم ماستەرنامەیەدا تەنیا كاری لەسەر دوو تێكستی شیعری كردووە، لەكاتێكدا ئەزموونی شاعیرانی هەشتاكانی هەولێری بە نموونە وەرگرتووە، ئەم دوو شیعرە تەنیا ئەزموونی شیعری خاوەنەكانیان لەم دوو شیعرەدا دەخەنەڕوو، نەک ئەزموونی هەموو شاعیرەكان یان كۆی ئەزموونی شیعری ئەو دوو شاعیرە.
- گۆشەی چارەسەری لەم ماستەرنامەیەدا پشت بە خوێندنەوەی ناوەخۆیی دەبەستێت، كە تەنیا كار لەنێو هەناوی تێكستدا دەكات، بۆ ئەم مەبەستەش جەخت لەسەر دوو جۆر خوێندنەوە كراوە كە هەردووكیان خوێندنەوەی ناوەخۆیین. یەكێكیان پشت بە بنەماكانی (شیكردنەوە – وەسف) دەبەستێت و لە شیعری یەكەمدا پێڕەوكراوە. ئەوی تریان، پشت بە بنەماكانی (راڤەكردن و لێكدانەوە_ التفسیر والتأویل) دەبەستێت، كە دوو بنەمای گرنگی كردەی تێگەیشتنن. ئەمەش لە شیعری دووەم پێڕەوكراوە.

### _ لیستی سەرچاوەكان:


_ بە زمانی عەرەبی:

- الكتب:

1. حجازي، د. سمير سعيد (2005) النقد العربي واوهام رواد الحداثة.ط1. القاهرة: مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع.
2. شراد، د. شلتاغ عبود (١٩٩٨) مدخل الى النقد الادبي. ط1. عمان: دار مجدلاوي للنشر والتوزيع.
3. عبدالحميد، د. محمد (2003) النص الادبي بين اشكالية الاحادية والرؤية التكاملية. ط1. الاسكندرية: دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر.
4. لحمداني، د. حميد (1986) في التنظير والممارسة. الدار البيضاء: منشورات عيون.
5. نشأة، د. كمال (1976) في النقد الادبي (دراسة وتطبيق). ط2. بغداد: مطبعة جامعة بغداد.
6. واطسون، جورج (1979) نقاد الادب (دراسة في النقد الانجليزي الوصفي). ت: د. عناد غزوان جعفر صادق الفليلي. بغداد: منشورات وزارة الثقافة والفنون.

- المجلة:

7. عبدالرزاق، د. سماح خميس مسعود (2017) اشكاليات المناهج النقدية الغربية في النقد العربي المعصر. مجلة العلمية لكلية التربية النوعية. 10. ج2، 179-194.

_ بە زمانی كوردی:

- كتێب:

8. رشید، د. فوئاد (2018) میتۆدۆلۆژی و رەخنەی ئەدەبی كوردی. چ١. هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری.

- نامەی ئەكادیمی:

9. قادر، رێبین خلیل (٢٠٠٩) میتۆدی رەخنەی تەواوكاری لە رەخنەی ئەدەبی كوردیدا. نامەی ماستەر. زانكۆی سەلاحەدین.
10. ئیبراهیم، محمد عبدالكریم (2009) زمانی شیعری و رەخنەی ئەدەبیی نوێ (ئەزموونی شاعیرانی هەشتاكانی هەولێر بەنموونە). نامەی ماستەر. زانكۆی سەلاحەدین.

**النقد التكاملي في النقد الشعر الكردي**
**رسالة ماجستير (اللغة الشعرية والنقد الادبي الحديث) كأنموذج**

**ريبين خليل قادر** **سردار احمد حسن كردي**
كلية التربية، قسم اللغة الكوردية، جامعة صلاح الدين-اربيل

**ملخص**
ان النقد التكاملي (متعدد المناهج) عبارة عن وجود/حضور بعض المناهج النقدية في البحث وهذا يعني اعتماد البحث على عدة مناهج نقدية وكذلك خلق ارضية مناسبة بين هذه المناهج والذي من خلالها يتم مناقشة العناصر والابعاد المختلفة للنص الشعري. والغرض من هذا هو التحقيق من النص الشعري من منظور عام. ويعتقد بأن يكون هذه المناهج مكونة من مناهج نقدية خارجية او داخلية او عبارة عن خليط/مزيج من النوعين (الخارجي والداخلي). إن هذه الدراسة هي جهد لإظهار ملامح وخصائص هذا النقد في النقد الأكاديمي للشعر الكردي. يتكون هذه الدراسة من المقدمة وجزئين وفي الختام توصل البحث الى النتائج وقائمة المصادر والملخص باللغتين العربية والانجليزية.

**الكلمات المفاتيح**: النقد التكاملي، الاسلوبية، مستويات اللغة، التفكيكية، التأويل

**Integrative Criticism in the of Kurdish poetry Criticism**
**Master's thesis (The Poetic Language and the new Literary Criticism) as an example**

**Rebeen Khaleel Qader** **Sardar Ahmad Hasan Gardi**
College of Education, Kurdish department, Salahaddin University-Erbil

**Abstract**
The integrative criticism or multi-methodological is the presence of some critical approaches in the research indicating that the study depends on several critical approaches and creating an appropriate ground among these approaches through which the various elements and dimensions of the poetic text are discussed. This aims at investigating the poetic text from a general perspective. It is believed that these approaches consist of external or internal critical approaches, or a mixture of the two types (external and internal). This study is an effort to show the features and characteristics of this criticism which is an academic criticism of Kurdish poetry. This study consists of an introduction and two parts which are followed by the conclusion where the study arrived at the results, and by the list of sources as well as the abstract in both Arabic and English languages.

**Keywords**: Integrative criticism, Stylistic, Language levels, Deconstruction, Hermeneutics.